# زمانی جادوویی

# یان

# ئۆنتۆلۆجیای زمان لە گێڕانەوەدا

## بەشی یەکەم

### پێناسەی زمان

زمان وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی زۆرترین قسەی لەبارەیەوە کراوە بە پێی هەموو بوارە زانستییەکان هەریەکە و لە دیدی خۆیەوە پێناسەیەکی جیاوازی لەبارەیەوە کردووە بۆنمونە چۆمسکی دەڵێت : (زمان بریتییە "لەو ڕستانەی کە ڕێزمان دەریاندەکات) (فەلسەفە، 2017،ل 20) ئەم پێناسەیە لە ڕووی زمانەوانییەوە کەموکورتی هەیە، چونکە باسی کەرەستە و دەستووری کردووە، بەڵام لایەنی واتای فەرامۆش کردووە )1 هەڵبەت ئەم پێناسەیەی چۆمسکی زیاتر خۆی لەلایەنی ڕێزمانیدا دەبینێتەوە و وەك پێویست ناتوانێت گوزارشتی تەواو لە مانای زمان بکات، هەروەها مارتنیت دەڵێت: (زمان هۆیەکە بۆ لەیەکتر گەیشتن، پێکهاتووە لەو دانە وردانەی کەخاوەنی "واتان" ئەم پێناسەیەش لە ڕووی زمانەوانییەوە پێناسەی زمانی کردووە، بەڵام لایەنی ڕێزمانی فەرامۆش کردووە) 2 .

هەربۆئەوەی هەموو ئەو بۆچونە جیاوازانە لە پێناسەیەکی تەواو پوختدا کۆ بێتەوە و پێناسەیەکی تەواو بۆ زمان بکەین زمانەوانان کۆی پێناسەی زمان بەم شێوەیە پوخت دەکەنەوە و دەڵێین: (زمان بریتییە لە دەنگ و واتا و دەستوور. دەنگ : هەموو زمانێك لە کۆمەڵێك دەنگ پێکهاتووە، هیچ زمانێك نییە دەنگی نەبێت. دەستوور: لە ڕیزکردنی دەنگەکان بۆ دروستکردنی وشە و ڕیزکردنی وشەکان بۆ دروستکردنی ڕستە پێویستە ڕەچاوی دەستوور بکرێ. واتا: زمان بۆ گەیاندنی واتا دروستبووە، هیچ شتێك نایەتە ناو زمانەوە ئەگەر هەڵگری واتا نەبێت )3

ئەگەر بمانەوێت پێناسەیەکی تەواو و گشتگیر بۆ زمان بکەین، ئەستەمە بتوانین هەموو بەکار هێنانەکانی زمان لە پێناسەیەکی گشتگیردا کۆ بکەینەوە چونکە، " زمانیش سیستەمێکی ئاڵۆزە و بە کۆمەڵێك تایبەتمەندی دیاریکراودا دەناسرێتەوە و مەحکومە بە سروشتی "عەقڵ و مێشك" دواتر ئەم زمانە چەندین دیاردەی گریمانکراو دەستنیشان دەکات، ئینجا بونیادی دەربڕینە زمانییە هەمەجۆرەکان دیاریدەکات کە لەو دیوی هەموو ئەزموونێکەوەیە )4

(فەلسەفە، 2017،ل 20).

---

1. . نوام چۆمسکی ، دەزگای ئایدیا بۆ فکرو فەلسەفە، 2017 ، ل 20

.2
https://www.facebook.com/%D8%B2%D9%85%D8%A7%D9%86%D8%A9%D9%88%D8%A7%D9%86%D9%89-811836565496602

.3
https://www.facebook.com/%D8%B2%D9%85%D8%A7%D9%86%D8%A9%D9%88%D8%A7%D9%86%D9%89-811836565496602

4. نوام چۆمسکی ، دەزگای ئایدیا بۆ فکرو فەلسەفە، 2017، ل20

**کەواتە زمان بە پێی چۆنیەتی بەکار هێنانی لە بوارە جیاجیاکانی مرۆڤایەتیدا دەتوانێت پێناسەی خۆی بکات و پێویستی خۆی دیاری بکات ئەگەر نا ( بە پێچەوانەی ئەمەوە، لە بەکارهێنانی ئاساییدا، کاتێك لە بارەی زمانەوە قسەدەکەین پێمانوایە زمان هیچ نییە، جگە لە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی واتە خاسیەتێکە کە ئەندامانی کۆمەڵێك تێیدا هاوبەشن ) ( فەلسەفە، 2017،ل 22 ).بەڵام زۆرێك لە سەرچاوە زانستییەکان هەوڵیانداوە کە چەندین پێناسەی جودا بۆ زمان بکەن بەئومێدی ئەوەی بتوانن لە پێناسەیەکی گشتگیردا کۆی بکەنەوە هەربۆیە پێناسەی زمان بە پێی سەرچاوە زانستییەکان بریتییە لە :**

1.**کەرەستەی دەربڕین و بەیانی ئەندێشە و فکر.**

2.**دیاردەیەکی پاوا نخوازانەی تاکە کە "تکامل" ی کۆمەڵ دەپێوێت و بەرەو داهاتووی ڕادەگوێزێت.**

3. **ئامرازی دەربڕینی هەستە بۆ گەیشتن بە مەبەست وەکو هەست بەتینویەتی،**

4. **ئامرازی دەربڕین و ئامرازی هەستە کەمانا و فکر و فەرهەنگ و مێژووی کۆمەڵگە دەردەخات. بەتێپەڕینی کات، زمان ئەمانەتەکان بۆ مرۆڤ هەڵدەگرێت و نهێنییەکانی دەپارێزێت.**

5. **زمان، بوونەوەرێکی سەرەتایی و زگماکە کە ڕیشاڵی بەنێو هەموو ئەندامێکی کەلتووردا بلاّو کردۆتەوە، هەر بۆیەش هەموو گەشەکردنەکانی کەلتوور و کۆمەڵگە لەسەر زمان تەواو دەبێت و دەبڕێتەوە.**

6. **ئەرکی زمان ڕاگواستنی زانیاری و ڕەنگدانەوە و دەربڕینی زانست و ویست و خواستەکانی مرۆڤە.** ( **نووسەر**، 2020،ل 29 )

**ئەگەر لە هەموو ئەو پێناسە زانستییانەی سەرەوە ورد بینەوە دەکرێت بڵێین هەموو بەکار هێنانەکانی زمانی لە خۆیدا کۆکردۆتەوە و وێنای کردووە، هەریەکەیان بە پێی ئاست و بەکارهێنانی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤدا**

ڕاڤەی کردووە، هەر بۆیە ئەستەمە بتوانین کۆی هەموو ئەم پێناسانە لە بەکارهێنانی فراوانی زماندا کۆبکەینەوە، چونکە زمان تەنها دەنگێك نییە بۆ گەیاندنی پەیام بەڵکو لە پشت هەموو پەیامەکانەوە چەندین ڕەهەندی هەستی و سایکۆلۆژی هەیە کە گوزارشت لە هەست و نەست و بیر دەکات لە زماندا و بە پێی پێویستی و بەکار هێنانی، زمان لەبوارە جیاجیاکاندا ئەرکی خۆی ئە نجام ئەدات.

ئەگەر لە دیدی سایکۆلۆجیاوە بۆ زمان بڕوانین ئەوا زانایانی ئەم بوارە زیاتر لە بواری زماندا قوڵ بوونەتەوەو پێناسەی

1. نوام چۆمسکی ، دەزگای ئایدیا بۆ فکرو فەلسەفە، 2017، ل22

2.زمان و مان کۆمەڵێك نووسەر، 2020،ل29

وردتریان بۆ زمان کردووە و زیاتر ئەرکی زمان دەبەستنەوە بە هەستە سایکۆلۆجییەکان و چالاکی بیری مرۆڤەوە و بە دوو جۆر لێکی ئەدەنەوە ( یەکەمیان دەربڕینی ناڕاستەوخۆیە کە تایبەتە بەچالاکییەکی جێگیر لە نێو زۆرینەی بابەتەکاندا بەبێ ئاما نجێکی دیاری کراو، دووەمیان دەربڕینی بیرکردنەوەیەکی ڕاستەوخۆی ئاراستە کراوە بە ڕێژەیەکی بەرز و ڕێکخراو بە ئاراستەی ئاما نجێکی دیار کە تایبەتە بەهەڵوێستێك یان کێشەیەك.

زانایانی زانستی دەروونی وای دەبینن کە بیرکردنەوە پشت دەبەستێت بە زۆرێك لە شێوازی وێنەو زمان، هەروەها زمان هۆکارێکە بۆ گوزارشت کردن لە هەست و سۆزە مرۆییەکان بەڵام شێوازی گوزارشت کردنی لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە یان لە نێوان چینە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا جیاوازی هەیە ) ( صالح، 2016،ل 34 ) بەڵام بە شێوەیەکی گشتی پێناسەی زمان لای سایکۆلۆجییەکان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە چڕبوونەوەیە لە مەبەست و ئاما نجی زمان لەبەکارهێنانیدا کە ( ئاما نجی سەرەکی زمان تەنها گەیاندنی واتایە، وە خەڵکی قسەدەکەن بۆئەوەی چۆن گوزارشت لە مانای بیری خۆیان بکەن، وە گوێ دەگرن بۆئەوەی مانای ئەو قسانە ئاشکرابکەن کە خەڵکی دەیڵێن، هەڵبەت بەبێ ماناش زمان بوونی نییە ) ( صالح، 2016،ل 3 ) کەواتە ئەرکی سەرەکی زمان گەیاندنی مەبەست و لێکدانەوەکانی بیری مرۆڤەکانە بە مەبەستی ئاڵوگۆڕکردنی بیرو بۆچوونەکانیان.

بۆچوونێکی کۆن لەبارەی پێناسەی زمانەوە کراوە کە پێداگری لەوە دەکەن ( زمان "دەفری بیری مرۆڤە". و ئەرکی گوزارشت کردنە لە بیری مرۆڤایەتی کە بارگاوییە بە هەندێك لایەنی عەقڵیی و هەست و سۆز و ئارەزووە کانی مرۆڤایەتییەوە ) ( صالح، 2016، ل 56 ). دەکرێت بڵێین کۆی هەموو پێناسەجیاوازەکان لەمەڕ زمانەوە ئەوە دەردەخەن کە زمان ناوەندێکە بۆ گەیاندنی هەست و بیر و ئەندێشە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر، ئەم بۆچوونە زیاتر لەئەرکی

زماندا خۆی دەبینێتەوە کە لەڕووی کۆمەڵایەتییە گشتییەکەوە بەکار دەهێنرێت، لەگەڵ ئەوەشدا زمان بە پێی ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و چین و توێژەکان تاییە تمەندی خۆی وەردەگرێت لە شێوازی دەربڕینی هەست و بیرو سۆزەکانی مرۆڤ.

گرنگی زمان وەك ئەرکی سەرەکی خۆی بەرجەستەکردنی ئەو هەستە مرۆییانەیە کە لە ئاستێکی گشتی کۆمەڵایەتیدا کاری پێدەکرێت و بە پێی پێویستی دەربڕینەکانی هەستی مرۆڤ گۆڕانکاری بەسەر شێوازی دەربڕینیدا دێت و فۆڕمێکی جیاوازی زمان لەخۆ دەگرێت .

--

1.قاسم حسين صالح،سايكولوجيا اللغة الاتصال،ص34

2. قاسم حسين صالح،سايكولوجيا اللغه الاتصال،ص3

3. قاسم حسين صالح،سايكولوجيا اللغه الاتصال، ص56

زمان و بیر

هەڵبەت لەبارەی پەیوەندی نێوان زمان و بیر قسەی زۆر کراوە زۆرینەی بۆچوونەکان هەر لەکۆنەوە لەبارەی ئەم پەیوەندییە باوەڕیان وابووە کە بیر پشتی بە زمان بەستووە بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیارە ئەوەیە ئایا بیر لە پێش زمانەوە سەرچاوە دەگرێت ؟ یان زمان لە پێش بیرەوەیە؟ یان دەکرێت هەردوو پێکەوە بە شێوەیەکی هاوتەریب گەشەبکەن؟ دەکرێت لە هەموو ئەم بۆچوونانەدا پرسیاری ئەوەش بکەین، کە ئایا بیر تەنها لە ڕێگەی زمانەوە خۆی وێنا دەکات؟ یان بیر لە هەڵس و کەوت و ڕەفتارەکانی ڕۆژانەماندا بەرجەستە دەبێت؟ "ئێشتین بێرگ" لە کتێبەکەیدا بەناوی " دەروونناسی زمان" هەموو ئەم بۆچوونە جیاوازانە لەچوار ڕوانگەدا کۆدەکاتەوە.

-ڕوانگەی یەکەم

بەرهەمەکانی زمان و هەڵسوکەوتەکانی تر، ژێرخانی بیر پێکدەهێنن.

**لایەنگرانی ئەم گریمانەیە باوەڕیان وایە کە بیرکردنەوە جۆرێك هەڵسوکەوتە. ئەم گریمانە لەلایەن دەروونناسیکەوە پێشکەش کراوە کە باوەڕیان وایە دەتوانرێت هەڵسوکەوتە پێچاوەکان وەك " بیرکردنەوە" ورد بکرێنەوە، واتە پێکهاتەی بیر لەیەك جیابکرێتەوە، بەشێوەیەك کە بتوانرێت ئەو پێکهاتەیە ببینرێت و هەڵبسەنگێنرێت. لایەنگرانی ئەم گریمانەیە هەر جۆرە پرۆسەیەکی دەروونی کە نەتوانرێت ببینرێت و بێتە هۆی ڕوودانی هەڵسوکەوتێك کە ببینرێت، ڕەت دەکەنەوە و باوەڕیان پێی نییە. " جۆن واتسن" لەم بارەیەوە باوەڕی وایە (قسەکردنی ئاشکرا یان قسەکردنی نهێنی "بیرکردنەوە" هەڵسوکەوت گەلێکن کە هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ هەڵسوکەوتەکانی دیکە " وەکو یاری والیبالْ " نییە " ئێف ئێسکینێر" یش باوەڕی وایە " باشترین و سادەترین ڕوانگە ئەوەیە کە بڵێین بیرکردنەوە، هەڵسوکەوتە. چ بێتە سەر زار یان نا، چ ئاشکرابێت و چ نهێنی، هیچ جۆرە پرۆسەیەکی زەینی لە پشتی بیرکردنەوەدا نییە.**

**-ڕوانگەی دووەم**

**زمان ژێرخانی بنەڕەتی بیرە.**

**لایەنگرانی ئەم گریمانەیە باوەڕیان وایە کە گەشەی زمان هاوتەریبی گەشەی بیرە یان تەنانەت گەشەی زمان لە پێشترەوەیە.**

**ئەوان باوەڕیان وایە کە زمان شێوە بە بیر دەدات. هەروەها مرۆڤ بە چەمکسازی دەتوانێت پاڵنەرەکانی دەوروبەر بناسێت و ئۆرگانیزەی بکات. ئەگەر مرۆڤ توانای ئۆرگانیزەکردنی نەبا، ژیانی تووشی بێسەرەوبەرەیی دەبوو، واتە مرۆڤ بەم پێیە سەرنج بە هەندێك لە شتومەك و دیاردەکان دەدات و گرینگی بە هەندێکی دی نادات. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤ ئەوەیە کە دەتوانێت بەکەڵك وەرگرتن لە وشەکان، چەمك دروست بکات. " ڤیگۆتسکی" لەسەر ئەو باوەڕەدایە کە " بیر تەنها لە ڕێگای زمانەوە دەرنابڕدرێت، بەڵکو بوونیشی لە زمان سەرچاوە دەگرێت .. پەیوەندی بیر و زمان، پەیوەندییەکی ژیان بەخشە، یانی بیر بە کەڵکوەرگرتن لە وشەکان لەدایك دەبێت". هەروەها " وۆرف" باوەڕی وایە " جۆری زمانی هەرکەسێك، چۆنیەتی بیرکردنەوەی ئەو کەسە دەستنیشان دەکات".**

**-ڕوانگەی سێیەم**

**زمان و ڕێزمانی هەر تاکێك، شێوەی ڕوانینی ئەو تاکە سەبارەت بە سروشت دەستنیشان دەکات.**

"بێنجامین وۆرف" لەم بارەیەوە باوەڕی وایە " چەمکگەلی کات و مادده چەمکگەلێکن کە تاکەکان ناتوانن لە ڕێگای ئەزموونی ڕاستەوخۆوە، تێگەیشتن گەلێکی وەك یەکیان هەبێت، بەڵکوو جۆری تێگەیشتنی خەڵك لەم چەمکانە پەیوەندی بە زمانێکەوە هەیە کە ئەو چەمکانە لە ڕێگای ئەوەوە دەگەیەنرێتە مەبەست.

چەمکگەلی نیوتۆنیی بۆشایی، زمان و مادده چەمکگەلێك نین کە لە ڕێگای فامی ڕاستەوخۆوە بەدەست بێت، بەڵکوو چەمکگەلێکن کە پەیوەندییان بە زمان و فەرهەنگەوە هەیە".

-ڕوانگەی چوارەم

سیستەمی زمانی و ڕێزمانی هەر تاکێك، فەرهەنگی ئەو تاکە دەستنیشان دەکات.

" ولیام ڤۆن هامبۆڵت" باوەڕی وایە " زمان دەربڕی ڕۆح و تایبە تمەندی نەتەوەیی گەلێکە " هەروەها " ئێدوار ساپیر" باوەڕی وایە " زمانی هەر کۆمەڵگەیەك، ئامرازێکە بۆ ئاشنا بوون لەگەڵ ڕاستییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە و لە بواری کێشەکان و پرۆسە کۆمەلایەتییەکان شێوە بە بیرمان دەبەخشێت. مرۆڤ بوونەوەرێکە کە بەردەوام لەژێر کاریگەری زماندایە و لە ڕێگایەوە لەگەڵ فەرهەنگ و کۆمەڵگەی خۆی ئاشنا دەبێت. چونکە زمانی هەر فەرهەنگێك ئامرازێکە بۆ گەیاندنی ئەو فەرهەنگە بە مەبەستێك.

"زمان هۆکارێکە بۆ گوزارشت کردن لە هەست و سۆزی مرۆڤایەتی بەلام شێوازی ئەو گوزارشت کردنە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر یان لە چین و کۆمەڵگەیەك بۆ ئەوی تر جیاوازە" ( صالح، 2016،ل 35 ) هەر بۆیە ناکرێت لە نێوان هەموو تاکەکانی

---

1.قاسم حسین صالح،سایکولوجیا اللغه الاتصال،ص35

کۆمەڵدا هەموو بەیەك شێواز بدوێن ئەم جیاکارییەش زیاتر پەیوەندی بە جیاوازی شێوازی بیرکردنەوەی کەسەکانەوە هەیە لەچۆنیەتی بیرکردنەوە و شێوازی پەروەردە و پێکهاتەی جیاوازی کەسایەتییان کە ئەمەش بۆخۆی ئەو جیاوازییە لە زمانیاندا دروستدەکات. بۆنموونە : ( ئەو شێوازە زمانەوانییەی کەسێك بەکاری دەهێنێت بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت بە پێی ئەو بابەتەی کە هەردووکیان تێیدا هاوبەشن وەك ئەو جیاوازی و گۆڕانکارییەی لە دەرەوەی زمان خۆیدا بەرجەستە دەبێت کە هەندێکیان هۆکاری کۆمەلایەتین و هەندێکیان دەروونین یان هۆکارەکان تێکەڵەیەکین لە هەردووکی ) ( صالح، 2016،ل 35 ) کە ئەمەش ئەو جیاوازی و فراوانییەی کە بیری کەسەکان بەرجەستە دەکات لە شێوازی زمانیاندا وەك چۆن لەکاتی گێڕانەوەی بابەتێکدا هەرگیز دووکەس وەك یەك نین لە شێوازی زمانیاندا یان قوڵبوونەوەیان لە چۆنیەتی گەیاندنی بابەتەکان کە وێنای بیری جیاواز لە گێڕانەوە بەرجەستە دەکەن. بەدڵنیاییەوە

گەشەی زمانیش پەیوەستە بە گەشەی بیری تاکەکانەوە لە بیرو بۆچوونیان سەبارەت بە گێرانەوەی بابەتەکان یان هەڵوێست وەرگرتنیان لەمەڕ ڕووداوەکان کە لەڕێگەی زمانەوە ئەو هەستە فرە ڕەهەندە لەخۆیدا وێنا دەکات.

لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بڵێین: زمان وێنای بیروبۆچوون و کەسایەتی مرۆڤەکان دەکات و بە پێی ئاستی بیریان زمان تایبە تمەندی خۆی بەرجەستە دەکات. ( " مارتن جوس" ئەم جیاوازییە بە پێی ئاستی بەکارهێنانی زمان لە ڕوانگەی بیری کەسایەتییەکانەوە بۆ چەند بەشێك پۆلێن دەکات وەك:

1. شێوازی قورس کە زیاتر زمانێکی تەواو فەرمییە زۆر بەکەمی بەکاردێت تەنها لە بۆنەتایبەتەکاندا بوونی هەیە وەك وتاردان و بۆنە ئاینییەکان و کتێبە پیرۆزەکان و خوێندنەوەی شیعر و نواندنی شانۆ و چا پەمەنییەکان .

2. شێوازی فەرمی ئەو زمانەیە کە زیاتر لەبەرنامەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و هەندێك وانەبێژی و دامەزراوە فێرکارییەکاندا کاری پێدەکرێت ئەم شێوازە مەودایەك لە نێوان قسەکەر و گوێگردا دروست دەکات وەك گفتوگۆی نێوان فەرمانبەرێك و کاربەدەستێکی باڵا.

3. شێوازی ئاسایی ئەو شێوازەیە کە بەگشتی لەناو خەڵکی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا بەکار دەهێنرێت و هەموو چینە جیاوازەکان تێیدا بەشدارن ئەم شێوازە زۆرجار تێکەڵەیە لە زمانی ئاماژەی جەستەو نواندن .

4. شێوازی کاریگەر ئەو زمانەیە کە تایبەتە بەچینێکی کۆمەڵایەتی جیاواز زیاتر ئاما نجی سۆزداری دە پێکێت و تەواو تێکەڵەیە لە هەست و سۆزەکان وەك گەیاندنی هەستە سۆزدارییەکانی نێوان هاوسەرەکان یان پەیوەندییە سۆزدارییەکان ) ( صالح، 2016،ل36 ).

هەموو ئەم جیاکارییانە لە جیاوازی زماندا زیاتر ڕەهەندی سایکۆلۆجی تێیدا بەرجەستە دەبێت کە تایبە تمەندی بیر و کەسایەتی مرۆڤەکان دروستی دەکەن ئەمەش بۆخۆی بۆچوونێکی تەواو دروستە لە جیاوازی و پێکهاتەی بوونی زمان بە پێی جیاوازی چین و توێژە کانی ئاستی کۆمەڵگا.

---

1. قاسم حسین صالح،سایکولوجیا اللغه الاتصال،ص35

2. قاسم حسین صالح،سایکولوجیا اللغه الاتصال،ص36

هەر بۆیە دەکرێت پەیوەندی زمان و بیر وەك دوو بەشی دانەبڕاو و تەواوکەری یەکدی پێناسە بکەین ئەگەرچی ( مرۆڤ لە گفتوگۆکردندا زمان بەکار دەهێنێت و لەنێو زماندا جێنشین دەبێت. کاتێك بێدەنگیش دەبێت، دەخوێنێتەوە و دەنوسێت، یان بیردەکاتەوە، مامەڵە لەگەڵ زماندا دەکات، بیرکردنەوە بەبێ زمان ڕوونادات ) ( کمال، 2017،ل 174 ) . دەکرێت

**جیاواز لەم بۆچوونانە ڕوانگەی تر هەبێت لەمەڕ پەیوەندی زمان و بیر بەلام لە هەموو دۆخێکدا زمان بەرجەستەکردنی بیری مرۆڤە و بە پێی ئاستی کەسایەتی و چۆنیەتی بیرکردنەوە و بەکارهێنانی لە دۆخە جیاوازەکاندا زمان وێنای بیر دەکات و بیریش بەبێ زمان بوونی نابێت.**

---

1.**فەلسەفەی هونەر ، د. محمد کمال ل174**

**نەست و زمان**

**جاك لاكان دەڵێت : ( نەست، وەك زمان ڕسکاوە ) ( ئیستۆب، 2019،ل 140 ) پەیوەندی نێوان نەست و زمان پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیە کە ئەم پرۆسەیە هەر لە منداڵییەوە پێکەوە هاوبەشن لە وەرگرتنی وێنە و شێوەجیاوازەکانی هاوتا لەگەڵ ناولێنانیان لە ڕێگەی زمانەوە پێکەوە بونیادی نەست پێکدەهێنن و هەردوو پێکەوە لە پرۆسەی بیرهێنانەوە و ئاراستەی پرسیار و وەڵامدا زمان وەك هەڵگری مانا و دەلالەتەکانی خۆی لەهەستی ( ئاگایی ) دا وێنا دەکات، گەشەو بەرفراوانی نەست بە پێی ژینگەی کۆمەڵایەتی تاك هاوشێوەی زمان خۆی فۆرمەڵە دەکات لە بونیادی کەسێتی تاکدا، ئەگەرچی نەست زیاتر خۆی لە نواندندا دەبینێتەوە، بەڵام لەخۆیدا هەڵگری ئاوێتەی زمانە. فرۆید دەڵێت: ( ئاگایی نواندنە لە ڕێگەی وشەکانەوە + نواندنەوە لە ڕێگەی شتەوە. بەڵام نەست تەنیا نواندنە لە ڕێگەی شتەوە ) ( ئیستۆب، 2019،ل 140 ) هەڵبەت ئەم بۆچوونە دەلالەت لەوە دەکات کە نواندن بەسە بۆئەوەی لە ئاگایی جودای بکەینەوە لە هەمان کاتدا نەست بەبێ وشە ناتوانێت بەتەنێ لە ڕێگەی شتەوە بەئاگابێتەوە، پەیوەستی "ئاگایی و نەست" ئەو پرۆسەیە بە ئە نجام دەگەیەنن کە پرسیار وەك دال لە ئاگایی دا خۆی وێنا دەکات و نەست وەڵام دەرەوە و ڕاڤەکاری ئەو پرسیارە لە خوددا فۆرمەلە دەکات.**

**ئەگەرچی نەست وێنای تەواوی کەسێتی تاك دەکات و خاوەن بڕیاری ناڕاستەوخۆیە لە هەموو هەڵوێست و بیرکردنەوە و بڕیارەکاندا بەڵام ئاگایی ڕووکەشی هەموو ئەو وێنا شاراوانەیە کە وەك تەونی جاڵجاڵۆکە لە پشت هەموو بڕیارەکانی ئاگاییەوە خۆی حەشارداوە و هەر لە ڕێگەی زمانەوە بوونی خۆی دەسەلمێنێت ، زمانناسی ڕووسی ،ل،س، ڤیگۆتسکی ( جیاکاری دەخاتە نێوان ئاخاوتنی ناوەکی و ئاخاوتنی دەرەکییەوە، واتە نێوان گوتاری دەرەکی و دەربڕاو و ئەو "دەنگ" ە شەوە کە ئەو دەمەی قسە لەگەڵ کەس ناکەم لەناو سەری خۆمدایە، " ڤیگۆتسکی" لەو باوەڕەدا نییە کە ئاخاوتنی ناوەکی بەتەواوی ئاخاوتنی دەرەکییە و ناوەکی بۆتەوە، بەڵکو ئاخاوتنی ناوەکی " یاسای تاییەت بەخۆی"**

هەیە ) ( ئیستۆب، 2019،ل 60 ) دەكرێت ئەم بۆچونە لەو وێنانەدا چڕبكەینەوە كە بەردەوام لەگەڵ بوونی پرسیاری ئاراستەكراوی ئاگایدا خۆی وێنا دەكات و بەشێوازی جیاواز بەدەردەكەوێت . ( لاكان بانگەشەی ئەوە دەكات كەلە گۆڕانی ساواوە بۆ منداڵ زمان خۆی وەك خەسان كاردەكات، زمان ئەو خەسانە جێگیر دەكات كە منداڵ هەوڵدەدات چارەی بكات. لاكان دەڵێت: "سیمبول، خۆی بەر لە هەرشتێك وەك بكوژی ئەو شتە دەردەخات" سیمبول "وشە، وێنە، نیشانە" دەتوانێت نوێنەرەوەی ئەو شتە ڕاستەقینەیە بێت، بەڵام ئەوشتە بەهۆی وەرگرتنی ناو، و خۆدەستنیشانكردنەوە توانستی سادەی خۆی بۆ خۆبوون لەدەستدەدات. ئەو شتە لەگەڵ ناونانیدا، دەتوانێت بە شێوەیەكی تر ناو بنرێت. بەم پێیە، زمان خۆی بۆ هەمیشە خەریكی خەساندنە و ناوێك دەخاتە جێی شتێكی بەرجەستە ) ( ئیستۆب2019 ,ل129 . ). هەربۆیە لەگەڵ بوونی وشە نەست لەسەر بنەمای ناولێنراوەكان خۆی وێنا دەكات و هەموو شتە خەسێنراوەكان بە ڕەهەندی جیاوازەوە دێنێتە بوونەوە، كە وێنای مەبەستگەلێكی فراوان دەكەن و وێنە و نیشانەكانی هاوشێوەی یەكدی لە سەرچاوەی هەمان پرسیارەوە دێنە بوونەوە، بەم پێیە (وشەكانیش لە كۆمەڵێك دەلالەتی شاراوەی تایبەتەوە سەرچاوەدەگرن و دەشكرێت بۆ بیرهێنانەوەی مانا و دەلالەتە شاراوەتایبەتەكان دروستبكرێن. بەهەرجۆرێك بێت، دژیەكی نێوان مانای دەقاودەقی وشەیەك یان دەستەواژەیەك و مانا زەمەنی و شاراوەكانی پەیوەندییەكی زۆری بەچۆنییەتی بەكارهێنانەكەیە، بتەوێت یان نا، بەهۆی چەندین جۆری سەمپتۆم، شوێنەوار و شوێنپێی، درز و كەلێن، پچڕان و كۆمەڵێك زیادە ڕۆییەوە كە لە گوتاری ئاسایی ئاگایی دا دەردەكەوێت، " دەدوێت". برگە و دەستەواژەی " تۆپەڵە خوری" یان "پارچە فەروو" پەیوەندی چەپێنراوی نێوان فەرووی گیانلەبەر و توكەبەری ژن ئاشكرادەكات، گەرچی دەشێت نوسەرەكە خۆیشی ئاگای لەم پەیوەندییە نەبووبێت ) ( ئیستۆب، 2019،ل 62،133 ).

بوونی ئەم پەیوەندییە لێكچووی شتەكان پێكەوە تەنها لە شێوە و مانا و وێنەدا خۆی بەدەرناخات بەڵكو هەموو شتە چەپێنراوەكان هەڵگری بوونی ڕاستەقینەی خۆیانن لە زەمەنی ئاگایی خۆیاندا بەچەندین ڕەهەندی هەستی و سۆزداری و هەستپێكراوەكانی ئاگاییەوە چەپێنراون.

كاتێك وشەیەك بەتەنیا وەك پرسیار نەست دەوروژێنێت هاوشێوەگەلێكی ئازاد خۆیان بەدەردەخەن، كە ئاماژەیەكی ورد و تەواو لێكیان جودا ناكاتەوە مەگەر ئەو كاتەی لە ڕستەیەكدا ئاماژەكان لە خاڵێكدا خۆی وێنا بكات، ئەو كات ڕەهەندەكانی مانا بەهەموو هەستەكییەكانییەوە لەیەك مانای فرەڕەهەندی هەستیدا لەئاگاییدا وێنای خۆی دەكات و هەمان هەست و مانا و نیشانە لەخۆیدا وێنا دەكات، وەك گێڕانەوەی چیرۆكێك كە بەقوڵی لە ڕێگەی وشەوە هەموو ئاماژە و هەستەكییە شاراوەكان دەهێنێتە ئاگاییەوە و وێنای ڕاستەقینەی هەمان هەستی ڕووداوێكی ئێستامان

پێدەبەخشێت. هەربۆیە نەست لەگەڵ زماندا پێکەوە هاوبەشی هەموو ئەو شتە چە پێنراوانە دەکەن کە بەردەوام لەئاگاییدا بە چەندین ڕەهەندی جیاواز وێنای خۆیان دەکەن.

---

1.نەست لە دەرونشیکاریی فرۆیدو لاکان دا، ئانتۆنی ئیستۆپ ، ل140

2. نەست لە دەرونشیکاریی فرۆیدو لاکان دا، ئانتۆنی ئیستۆپ ، ، ل140

3. نەست لە دەرونشیکاریی فرۆیدو لاکان دا، ئانتۆنی ئیستۆپ ، ل60

4. نەست لە دەرونشیکاریی فرۆیدو لاکان دا، ئانتۆنی ئیستۆپ ،ل 129

5. نەست لە دەرونشیکاریی فرۆیدو لاکان دا، ئانتۆنی ئیستۆپ ، ل133

6. نەست لە دەرونشیکاریی فرۆیدو لاکان دا، ئانتۆنی ئیستۆپ ، ل62

## زمان و بوون

دەکرێت بپرسین پەیوەندی بوونی ئێمە بەزمانەوە چییە؟ ئەگەرچی ئاگایی ئێمە پەیوەستە بە پێنج هەستەکەمانەوە کە هەموو ڕەهەندە هەستەکییەکان لەخۆیدا وێنا دەکات وەك "بینین و بیستن و بەرکەوتن و چەشتن و بۆنکردن" بەڵام هەموو ئەم زانیارییانە بۆ خۆی لە هەستەکیماندا لە ڕێگەی زمانەوە خۆیان وێنا دەکەن و لە نەستیماندا وەك زمان دەچە پێنرێن . کاتێك بیر لە شتێك دەکەینەوە لەم گەردوونەدا هەست بەبوونی دەکەین وەك کەرەستەیەکی واقعی کە پێشتر لە ڕێگەی هەستەکا نمانەوە هەستمان بە بوونی کردووە.

بیرکردنەوە یان خەیاڵکردن بۆخۆی ئەو هەستە بوونایەتییەیە کە زمان ئامادەباشی خۆی تیا وێنا دەکات و ڕاستی بوونیمان نیشان ئەدات (زمان وێنەیەك نییە لە واقع، تا بەم پێیە دادوەری واقیع کەین کە ئایا چوونیەکییەکی دەلالەتی بۆ بکات یان نا؟ حەقیقەت لە مەسەلەدا نییە، بەڵکو لە واقیع خۆیدایەتی. زمان ڕێمان پێئەدات و وامان لێ دەکات ئەو شتە کە باسی ئەکەین وابێتە بەرچاو کە خۆیەتی) (ماکواری، 2019،ل 246). هەربۆیە زمان خۆی لە وێناکردنی شتەکاندا دەردەخات کە لە ئاگامەندیماندا وێنای هەموو ئەوشتانەمان بۆ دەکات کە باسی لێوە دەکەین ئیتر ئەوشتە لە دەوروبەردا بوونی هەبێت یان نا تەنها (وشە بەکار دەبرێ و شیکردنەوەیەکی پەسەند بۆ ئەو شتە دەگرێتە خۆی کە لەبارەیەوە ئەدوێین و تەنانەت ئەبێتە بەڵگەنەویست) (ماکواری، 2019،ل 247)، بەڵام بەو

مەرجەی کە وشە بەشێوازێك بەکار ببرێت کە تەواو وێنای ڕاستەقینەی ئەو شتەمان بۆبکات کە لەبارەیەوە ئەدوێن. هەڵبەت وێنا کردنی هەموو شتەکان لە ڕێگەی زمانەوە دەکرێت ئەو هەستە فرە ڕەهەندییەمان لا دروست دەکات کە لە ئاگامەندیماندا وەك بوونێکی واقعی هەستی پێدەکەین ( دازاینی ڕەسەن و ناڕەسەن خاوەنی زمانێکن، بەلاّم شێوازی بوونیان کاریگەرییەکی بنەڕەتی دەکاتە سەر ناوەڕۆکی زمان. کاریگەرییەکە لە تێگەیشتنی ڕاستی بووندا دەردەکەوێت ) ( کمال، 2017،ل171 )، کە چۆن ناڕەسەن زۆر سادە و ڕووکەشیانە ئەدوێت و ڕۆناچێتە ناو ڕەهەندە قوڵەکانی زمانەوە کە گوزارشت لە بوونی دەکات بەلاّم بە پێچەوانەوە ڕەسەن ئەو دازاینەیە کە هایدگەر پێی وایە لەنێو قولاّیی زماندا بونایەتی خۆی دەسەلمێنێت و بە هەموو ڕەهەندە هەستەکییەکانییەوە بوونی خۆی لەمەڕ شتەکاندا دەسەلمێنێت.

هەربۆیە زمان ئەو ماڵەیە کە خود تێیدا هەستەکی ئامادەباشی خۆی تیا وێنا دەکات. کاتێك لەڕێگەی قسەوە یان خوێندنەوەی دەقێکەوە کە ڕەسەنایەتی تیا دەبینرێت زمان ئەو ڕۆڵە دەبینێت کە خود لە ڕێگەیەوە ئاشنا دەبێت بە بوونی واقعی هەموو شتەکان و لەخۆیدا بەرجەستەیەکی ڕاستیان بۆ دەکات و پەرچەکرداری خۆی بەرامبەریان دەنوێنێت بەلاّم قسەی ناڕەسەن و زۆر بلێی ڕوکەشییانە هەرگیز ناتوانێت ئەو هەستە بوونگەراییە لای گوێگرانی بەرجەستە بکات هەتا خود بە هەموو ڕەهەندە هەستەکییەکانییەوە ڕووبەڕووی قولاّیی خۆی بێتەوە و پرسیاری فرە ڕەهەندی لا دروست بێت.

لەم ڕوانگەیەوە ( " بوون" دەکەوێتە زمانەوە. زمان ماڵی بوونە. مرۆڤ لەنێو ئەم ماڵەدا جێنشینە ) ( کمال، 2017،ل 173 )، کە هەموو ڕەهەندە هەستەکییەکانی تیا دەبینێت و بوونی خۆی تیا دەبینێتەوە. بوونی ئەم هەستە لە زماندا پەیوەستە بە ئاستی قوڵی زمانەوە کە چۆن دەتوانێت تەواو گوزارشت لە بوونی خود و شتەکان بکات لەئاگامەندیماندا هەربۆیە ( مرۆڤی داهێنەر دەتوانێت ڕەسەنانە بێت بە خاوەنی زمان و ماڵی بوون، یاخود مرۆڤی ڕەسەن داهێنەرانە زمان بۆ ڕاستی بوون دەخاتەگەڕ و ڕێگە بەخۆی نادات زمانەکەی ببێت بە گوتنی لەکارکەوتوو ) ( کمال، 2017،ل 174 )، بەڵکو ئۆنتۆلۆجیایانە هەموو ڕەهەندەکانی بوونی شتێك وێنا دەکات بە ئامانجی بەدەرخستی شتێك کە واتای بوونی بخولقێنێت و هەست بە بوونی بکەین بۆ دروستکردنی ئەو پرسیارانەی ڕووبەڕووی بونمان دەکاتەوە کە فینۆمینۆلۆجییانە هەستی پێدەکەین ( هەرچییەك بێت، نیازی ئەو پرۆژەیە تێڕامانی ڕووت نییە، چونکە پانتایی تێڕامان و ڕوانینی زەین بێدەنگییە، مەبەستی زمانیش دەربڕین و پەیوەندی کردنە لەگەڵ ئەوانی تر. لە ڕاستیدا مرۆڤ بەنیازە دەرئەنجامی تێڕامانەکانی بۆخۆی تۆمار بکات ) ( سارتەر، 2020،ل 95 )، کاتێك ئەم پرۆژەیە دێتە بوونەوە ئەوا مرۆڤایەتی پێکەوە هاوبەش دەبێت لە هەموو تێڕامانە هاوبەشەکانی لەگەڵ ئەوانی تر لەم ڕوانگەیەوە زمان دەتوانێت ئەو بونایەتییە لەنێو مرۆڤایەتیدا بەئاکام بگەیەنێت ئەگەر لە ڕوانگەی فینۆمینۆلۆجی بوونگەراییەوە و وەسفگەراییانەی فینۆمینۆلۆجییەوە لە هۆش بڕوانین ( بە هیچ کلوجێك ئەوە

**ناگەیەنێت کە بە شێوەیەکی ئاسان و شێوازێکی سادە وەسفی هەرشتێك بکات کە دەخرێتە بەردەم هۆش، گرنگ ئەوەیە فینۆمینۆلۆجی وەسفێکی قوڵمان دەداتێ، گەر ئەم دەربڕینە ڕاست بێت ، وامان لێ دەکات سەرنجی ئەو تاییە تمەندیانە بدەین کە عادەتەن لە توانامانداا نییە سەرنجیان بدەین ) ( ماکواری، ل 36 )، ئەوە ئەرکی زمانە کە دەتوانێت لەم ڕوانگەیەوە ئەو هەستە لە هۆشدا بخولقێنێت کە تێیدا هەستی بوونی ڕاستەقینەمان لا دروست دەکات سەبارەت بە هەموو بوونەکانی دەرەوەی خۆمان.**

**بەدەر لەم بەرکەوتنەی خود بە جیهانی دەرەوەی خۆی لەخۆیدا زمان ئەو هەستە بوونگەرایی دروست دەکات کە خود لە تێڕاماندا هەستی پێدەکات ( مرۆڤ لە گفتوگۆکردندا زمان بەکار دەهێنێت و لەنێو زماندا جێنشین دەبێت. کاتێك بێدەنگیش دەبێت، دەخوێنێتەوە و دەنووسێت، یان بیر دەکاتەوە، مامەڵە لەگەڵ زماندا دەکات. بیرکردنەوە بەبێ زمان ڕوو نادات ) ( کمال، 2017،ل 174 )، لێرەوە دەتوانین بڵێین زمان تەواو ماڵی بوونە و زمان دەتوانێت لەهەموو ڕەهەندە قوڵەکانییەوە کە وێنای هەستی بوونایەتی دەکەن لەئاگامەندیماندا هەستی بوونایەتیمان پێببەخشێت و بمانخاتە نێو تێڕامانە قوڵەکانی بوونمانەوە و لەوێوە هەست بەبوونایەتی خۆمان بەرامبەر بەجیهان و خودی خۆمان بکەین.**

**هەربۆیە پەیوەندی نێوان زمان و بوون پەیوەندییەکی لێکدانەبڕاوە لەسروشتی مرۆڤایەتیدا، بەڵام ئەرکی مرۆڤ بۆ گەیشتن بە بوونایەتی خۆی دەکەوێتە سەر چۆنییەتی ئەو زمانەی کە تاچەند دەتوانێت لە ڕێگەیەوە بوونایەتی و ئاگامەندی خۆی تێدا وێنا بکات، ئەم بۆچوونە بۆ خوێنەرێك یان گوێگرێك تەواو دروستە، کە چۆن زمان دەتوانێت بیخاتە بەردەم پرسیارە فرەڕەهەندەکانی بوونەوە و لەنێو تێڕامانیدا بوونی خۆی تیا بدۆزێتەوە.**

---

1.فەلسەفەی بونگەرایی، جۆن ماکواری، ل246

2. فەلسەفەی بونگەرایی، جۆن ماکواری ل 247

3.فەلسەفەی هونەر، محمد کمال، ل171

4. فەلسەفەی هونەر، محمد کمال، ل 173

5. فەلسەفەی هونەر، محمد کمال، ل 174

6. ئەدەب چییە، ژان پۆڵ سارتەر، ل 95

7. فەلسەفەی بوونگەرایی، جۆن ماکواری، ل 36

8. فەلسەفەی هونەر، محمد کمال، ل 174

**ئۆنتۆلۆجیای زمان**

**لەبەشی زمان و بووندا باسمان لە فینۆمینۆلۆجیا کرد کە بە گوێرەی واتای چەمکەکەی فینۆمینۆلۆجی ڕوو لەو شتانە دەکات کە خۆیان دەردەخەن و بوونی خۆیان دەسەلمێنن هەرشتێکیش خۆی خۆی دەربخات هەبووە و هەبووش لەسەر "بوون" بەگشتی ڕادەوەستێت لەم ڕوانگەیەوە ( فینۆمینۆلۆجی دەبێت بە ئۆنتۆلۆجی. هایدگەر گوتەنی، فینۆمینۆلۆجی لەسەر بناغەی ئۆنتۆلۆجی دادەمەزرێت چونکە گەیشتن بەدیاردە لەهەمانکاتدا بوونی دیاردەکە ئاشکرا دەکات ) ( کمال، فینۆمینۆلۆجیا ، 2013،ل13 )، هەڵبەت ئەم بۆچوونە ئەوە ناگەیەنێت کە فینۆمینۆلۆجی و ئۆنتۆلۆجی دووبەشی جیاواز بن لە فەلسەفەدا یان هەردوو پێکەوە هاوبەش بن لە بۆچوونیان سەبارەت بە تێگەیشتن لە بوون . ئەوەی وادەکات زمان ڕەهەندێکی ئۆنتۆلۆجی هەبێت تێگەیشتنە لە خودی زمان خۆی جیاواز لە بۆچوونی فینۆمینۆلۆجی کە هۆشەکی هەست بەبوونی شتێك دەردەخات لە ڕێگەی زمانەوە.**

**بوونی ئەم دوو چەمکە لە فەلسەفەدا جیاکارییە لەنێوان هەستکردن و تێگەیشتن لە شتێك لە ڕێگەی زمانەوە کە زمان بۆخۆی دەتوانێت ئەو هەستە ئۆنتۆلۆجییەمان بۆ جیابکاتەوە لە هەستکردن بەبوون، ( فینۆمینۆلۆجی بوونگەرانە بە جۆرێك لە وەسفکردن دەردەخات، کە بە " هێرمینۆتیك " ناوزەند دەکرێت ) ( کمال، فینۆمینۆلۆجیا ، 2013،ل82 )، بەم پێیە شتەکان تەنها لە وەسفکردندا هەست بە بوونیان دەکەین بەدەر لەوەی تێبگەین لەوەی بوونی ئەو شتە لە چیدایە بەلای هایدگەرەوە ( گرینگ بایەخدان بە مرۆناسیی بکەر نییە، بەڵکو کەشفی بوونیادی بووناسی "ئۆنتۆلۆجیا" ی بوونەوەرێکە کە لە بوون دەگات. هایدگەر ئەم میتۆدە لێکۆڵینەوەیە ناو دەنێت "بووناسیی بنەڕەتی" ئامانجی "بووناسیی بنەڕەتی" شیکردنەوەی بەرقەراربوونی دەرکەوتنی بوونی هەنووکەیی "دازاین" ە . کەواتە یەکەمین هەنگاو لە شیکردنەوەی بوونی هەنووکەییدا : خستنە ڕووی گەوهەری مرۆڤە وەکوو توانستێکی بوون، یان "فڕێدانەدەرەوە" یا " خستنەدەرەوە". بەلای "دازاین" ەوە بەرقەراربوونی دەرکەوتن لەجێی توانستی پەیبردنی خودە لەخستنە دەرەوەی شتێکدا کە دەتوانێت هەیبێت بە دەربڕینێکی تر، مرۆڤ لە جیهاندا وەکوو بوونەوەرێکە کە لە ڕێیی خستنەدەرەوەی خۆیەوە دەگەڕێتەوە بۆ خودی خۆی ) ( جەهانبەکلو، 2009،ل96 ). ئەوەی گرنگە لێرەدا دەرخستنی هەموو ئەو شتانەیە کە مرۆڤی ڕەسەن واتە دازاین لە قوڵایی تێگەیشتنی خۆیەوە دەریدەبڕێت هەڵبەت ئەم پرۆسەیە بۆخۆی بینینەوەی هەمان تێگەیشتنە لە کەسی وەرگردا بەهەمان تێگەیشتن لەمەڕ شتێك کە دەخرێتە بەر باس و لێکدانەوەی هەستەکی کەوادەکات وەرگر بە هەمان شێوەی تاکی دازاین هەمان هەست و تێگەیشتنی بۆ هەموو شتەکان**

هەبێت و  بە هەمان بیرکردنەوە ڕاڤە  بۆ دیاردەو شتەکان بکات.

ئەوەی وادەکات  ئەم پرۆسە ئونتۆلۆجییە بەرقەرار بێت  سەرچاوەی تاکی (دازاین) ە کە دەستپێشخەرە  لە دۆزینەوە و قوڵبوونەوەی  شتێك  بە دیدێکی جیاواز کە پێش خۆی بوونی  نەبوو بێت  یان پێش ئەو تێگەیشتنی لەبارەیەوە بۆ نەکرابێت  هەربۆیە ("دازاین"  ئاگامەندانە ڕوو لە بوون دەکات و دەیەوێت  لە واتاکەی تێبگات.  بوونی ئاگامەندانەی دازاین  بە " تێگەیشتن" ەوە  هەیە و تێگەیشتن  وەکو زمان دەبێت  بە پێشمەرجێکی ئونتۆلۆجیانە بۆ بوونی دازاین) (کمال، فەلسەفەی هونەر، 2017،ل 184)، هەربۆیە زمان دەبێتە بەرجەستە کردنی ئەو هەستە ئونتۆلۆجییە سەبارەت  بە تێگەیشتنمان  بۆ دیاردە و شتەکان.

تاکی "دازاین"   لە ڕێگەی زمانەوە دەتوانێت  تێگەیشتنی خۆیمان سەبارەت بە هەبووەکان بۆ دەربخات  ئەمەش ئەو جیاوازییە دەخاتە ڕوو لەنێوان  زۆربلێی و بیرکردنەوەی قوڵ لە شتەکان  یان  وەك هایدگەر وتەنی  دەڵێت: "تاکی ناڕەسەن  بێ  بیرکردنەوە ئەدوێت و دەبیستێت و  تێگەیشتنی بۆ شتەکان نییە  کاتێك تاکی ڕەسەن  ئەدوێت  یان بیر دەکاتەوە دەنووسێت  لە تێگەیشتنێکی  قووڵەوە لە شتەکان دەڕوانێت و ڕاڤەیان بۆدەکات"  ئەم بەدەرخستنەی دازاین بۆ خۆی دروست کردنەوەی  هەمان تێگەیشتنە  بەرامبەر گوێگرێك یان خوێنەرێك  کە لە ڕێگەیەوە  بە هەستێکی ئونتۆلۆجیانەوە  هەست بەبوونی  شتەکان دەکات.

ئەم تێگەیشتنە وەك تێپەڕاندنی  تیشکی خۆر وایە بەنێو پەرداخێکی شوشەدا و لەو دیویەوە شەبەنگەکانی خۆری تیا دەبینرێت و هەست بەبوونی هەموو ئەو شەبەنگە شاراوانە دەکەین لەنێو تیشکی خۆرەکەدایە  ئەوە بیرکردنەوە و تێگەیشتنی "دازاین" ە کەدەتوانێت  بەو شێوازە  هەموو هەبووەکانمان لە ڕێگەی  زمانەوە بەو شێوەیە بۆ ڕاڤەبکات.

زۆرجار بوونی ئەم هەستە تێگەیشتنە  لە پەیوەندییە ئاساییەکانی ژیانی ڕۆژانەدا بوونی هەیە کە زمان وەك تێگەیشتن و ئاڵوگۆڕی زانیاری نێوان تاکەکان کاری پێدەکرێت  زۆرجار زمان لە ئاخافتنێکی ئاسایدا  بە هێندەیەك قوڵ دەبێتەوە تێگەیشتن  قوڵبوونەوە دەبێتە مەرجێکی سەرەکی بۆ تێگەیشتن  وەك چۆن (قووڵایی زمان دەگەڕێتەوە بۆ لایەنە هێرمینۆتیکییەکانی  زمان کەوا کەلتووری و ئونتۆلۆجیکییە،  کەواتە هێرمینۆتیك زمانێکی قووڵی کەلتوورییە, لەکاتی کەڵك وەرگرتن لە نوکتە یان تەوس یان خوازەیەك لە مانا سەرزارەکی، مەنتقی و ماناناسییەکەیدا ) (نووسەر، 2020،ل 42) ئەو ڕەهەندە ئونتۆلۆجییە لەخۆیدا بەرجەستە دەکات.

کەواتە مانای ئەوە یە (زمان ڕاستی بوونە کە لە ڕێگەیەوە گوزارشت لە هەستی بوون دەکات یان زمان وامان لێدەکات لە ڕێگەیەوە بگەین بەناوەڕۆکی بوون و لە شتەشاراوەکان بگەین ) (احمد، 2008،ل 63)،  بەڵام ئەم تێگەیشتنە بۆ زمانێکی سادە و ئاسایی شیاو نییە هەربۆیە هایدگەر زمانی ڕەسەن دەگەڕێنێتەوە بۆ شیعر و دەڵێت: (  شیعر زمانە،

**پێویستە لە ڕێگەی قوڵی زمانەوە لە قوڵایی شیعر نزیك بینەوە، چونكە شیعر پڕۆژەیەكە بۆ بوون و ناوەڕۆكی هەمووشتێك ) ( احمد، 2008،ل 101 )، چونكە شاعیر دەتوانێت هەموو تێگەیشتن و ئەندێشەی خۆی لە ڕێگەی زمانەوە دەربڕێت هەربۆیە بەلای هایدگەرەوە تەنها مرۆڤی ڕەسەن دەتوانێت داهێنەرانە بژی لەم بنەمایەشەوە شاعیر بوونێكی ڕەسەن و داهێنەرانەی هەیە ( شاعیر پێناسە و ئەركی سەرەكی زمان، وەكو دەرخستنی ڕاستی بوون و ماڵی بوون، وەردەگرێت. كاتێك باسی زمانی داهێنەرانە دەكرێت، گرنگە ئەو زمانە بە " شیعری" دابنرێت و بە پێچەوانەشەوە دروستە ) ( كمال، فەلسەفەی هونەر، 2017،ل 180 )، هەربۆیە بیركردنەوە لەم ڕاڤە كردنەدا بە پێش مەرجێكی ئونتۆلۆجی وەكو زمان بۆ بوونی مرۆڤ دادەنرێت، لە دەربڕینی شتێك كە مانادان و مانا پێدانی پێدەبەخشێت ، ئەمەش بۆخۆی دەما نخاتە بەردەم پرسیارگەلێك بۆ تێگەیشتن لە ماناكانی بوون، لەڕاستیدا ( زمان لە بونیادی ئونتۆلۆجی بوونی مرۆڤدایە. مرۆڤ لەبنەڕەتەوە خاوەنی زمانە، چونكە بیر دەكاتەوە. مادام ئاژەڵ وەكو مرۆڤ بیرناكاتەوە و ئاگامەند نییە، نابێت بەخاوەنی زمان، مرۆڤ ئونتۆلۆجیانە بیر دەكاتەوە و زمانی هەیە، بەلام مەرج نییە زمان بۆ دەرخستنی ڕاستی بەكار بهێنێت. زمانی مرۆڤی ناڕەسەن و نوقمبوو لە نێو كەلتووری بازاڕیدا ڕاستی دەرناخات و گوتنی لەكاركەوتووە ) ( كمال، فەلسەفەی هونەر، 2017،ل 173 ) چونكە ئەو لە دەربڕینیدا تێگەیشتنی قوڵی بۆ شتەكان نییە كە لەبارەیانەوە ئەدوێت بەڵكو تەنها زمان وەك پرۆسەیەكی گەیاندنی سادە بەكار دەهێنێت كە هیچ ماناو مانا پێدانێكی تیا بەدیناكرێت و ناتوانێت بما نخاتە نێو تێڕامانێكەوە كە تێگەیشتنی خۆمان لەمەڕ شتەكان بۆ بوون بەرجەستە بكەین یان بوونی خۆمان لە نێو ڕەهەندە شاراوەكانی زمانیدا بدۆزینەوە.**

**لەڕوانگەی ئونتۆلۆجییەوە زمان تەنها هۆكارێك نییە بۆ گەیاندن لەڕێگەی وشەوە، بەڵكو زمان ئەو ماڵەی بوونە كە بەردەوام لەخوێندنەوە و بیركردنەوەماندا دەما نخاتە بەردەم تێگەیشتنێكی قوڵ لەمەڕ هەموو شتەكان ئەو كات بوونی ئێمە لەو زمانەوە بەرجەستە دەبێت، كە هەموو شتە چە پێنراوەكانی پشتی زمان دەكەونە ناو ڕاڤەكردنێكی ئاگامەندانەی هەنوكەییانەوە، كەئەمەش ساتی هۆشمەندانەی بوونە وەك هەستكردن بە هەموو شتەكان لە ڕەهەندە جیاوازەكانی زمانەوە.**

---

1.**فینۆمینۆلۆجیا، د. محمد كمال، ل13**

2. **فینۆمینۆلۆجیا، د. محمد كمال،ل82**

3.**مۆدێرنەكان،ڕامین جەهانبەگلو، ل96**

4. **فەلسەفەی هونەر،د. محمد كمال، ل 184**

5. **زمان بوون ، كۆمەڵێك نووسەر،ل42**

6. انطولوجيا اللغة ، مارتن هايدجر ،ص63

7. انطولوجيا اللغة ، مارتن هايدجر ،ص101

8. فەلسەفەو هونەر، د. محمد كمال، ل 180

9. فەلسەفەو هونەر، د. محمد كمال، ل 173

## بەشی دووەم

## زمانی جادوویی یان ئونتۆلۆجیای زمان لە گێڕانەوەدا

### جیاوازی زمانی شیعر و زمانی گێڕانەوە

کاتێك باس لە زمانی جادوویی دەکەین مەبەستمان لە زمانێکی باڵای ئەدەبییە لە گێڕانەوەدا، بەتایبەت ڕۆمان جیاواز لە زۆرینەی ئەو بۆچوونانەی کە لەبارەی زمانی گێڕانەوە وە ئەدوێن و لە ڕوانگەی ڕێزمانییەوە ڕاڤەی بۆ دەکەن، یان بە پێی ویست و ئارەزووی خودی بڕیار لەسەر جوانی و باڵایی زمانی گێڕانەوە ئەدەن.

گرفتی زمانی گێڕانەوە لە ڕۆماندا لەوەدایە کە هەندێك کەس زۆرجار هاوشێوەی دەکەن بە زمانی شیعرەوە یان دەڵێن پێویستە زمانی ڕۆمان زمانێکی شیعری بێت ئەم بۆچوونانە و چەندین بۆچوونی دی گرفتێکی گەورەی بۆ زۆرێك لە نووسەرانی بواری ڕۆمان دروستکردووە بە تایبەت ئەو نووسەرە نوێیانەی کە ئارەزووی ئەوە دەکەن ڕۆمان بنوسن هەربۆیە کاتێك بیر لە نووسینی ڕۆمان دەکەنەوە ڕاستەوخۆ هەموو بیریان لەو پرسیارەدا کۆدەبێتەوە کە دەبێت زمانی گێڕانەوە چۆن بێت ئایا هاوشێوەی زمانی شیعر بێت یان شتێکی جیاوازترە هەڵبەت (بوونی هەرتوخمێك لەناو هەر ڕەگەزێکی ئەدەبی دا گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بەو واتایەی ڕەنگە نەبوونی یەکێك لەو توخمانە دروست نەبوونی تێکستی ئەدەبیی لێ بکەوێتەوە) (شیخ، ل 83). هەربۆیە هەرتۆخمێك لە پێکهێنەرەکانی تێکستی ئەدەبی بە پێی پێویستی ئەو ژانرە ئەدەبییە پێشەنگ دەبێت و باڵادەستی خۆی لە پێش توخمەکانی تر نمایش دەکات هەربۆیە (زمان

وەك یەكێك لەو تۆخمانە پێویستییەكی یەجگار گرنگی دروستبوونی دەقی ئەدەبییە و پەیوەندییەكی پتەوی بە توخمەكانی دیكەوە هەیە، چونكە ئەوان لە ڕێگای زمانەوە دەردەبڕدرێن و زمان ئەوان دەناسێنێ، كەواتە لەناو دەقی ئەدەبیدا زمان سەرەڕای ئەوەی خۆی وەكو توخمێك هەیە و كۆمەڵێك ئەركی گرنگی كەوتونەتەسەر، ئەركی ئەوەشی لەسەرە كار و ئەركی ئەوانی تریش دەربڕێت ) ( شیخ، ل 83 ). كاتێك باس لە جیاوازی بەكار هێنانی زمان دەكەین مەبەستمان لەوە نییە لە بەهاو گرنگی زمان كەم بكەینەوە بەڵكو زمان پێش هەموو شتێك لە بونیادی مرۆڤدا بوونی هەیە و هۆكارێكە بۆ گەیاندن وەك چۆن لە ئەدەبیشدا هۆكارێكە بۆ بەرجەستەكردنی توخمەكانی تر بەلام ئەم بۆچوونە ئەوە ناگەیەنێت كە تۆخمەكانی تری كاری ئەدەبی تەواو فەرامۆش بكەین و زمان بەتەنێ بكەینە هەڵسەنگاندنی هەموو ژانرە ئەدەبییەكانی تری وەك یەكدی، بەڵكو زمان بۆخۆی لە كاری ئەدەبیشدا هۆكاری گەیاندنە بەلام پێویستە شێوازو خەسڵەتەكانی زمان لە كاری ئەدەبیدا بە پێی چۆنیەتی و پێویستی ژانرە ئەدەبییەكان مامەڵەی لەتەكدا بكەین.

زمانی ئەدەبی بەچەند خەسڵەتێك لە زمانی ئاسایی یان زمانی بوارەجیاوازەكانی تری وەك زمانی زانست و لێكۆڵینەوە و مێژوو ..هتد جیادەكرێتەوە كە خاوەنی تایبە تمەندی خۆیەتی لە پێناو گەیاندنی هەموو ڕەگەزەكانی كاری ئەدەبی، ئەوەی مەبەستمانە لێرەدا ئاماژەی پێ بدەین جیاكاری ئەو خەسڵەتانەیە كە لەژانرە جیاوازەكانی كاری ئەدەبیدا پەیڕەویان دەكەین. هەربۆیە لەم توێژینەوەیەماندا دەمانەوێت هەموو ئەو خەسڵەتانەی زمان لەیەكدی جودا بكەینەوە.

هەندێك لە نووسەران لە هەمبەر ئەم بۆچوونەدا كەوتوونەتە نێو گرێیەكی دەروونی زمانەوە كاتێك ڕۆمان دەنووسن بیرو بۆچوونیان لە ئارایشتكردنی زماندا كۆدەنەوە و ژانری ڕۆمان تێكەڵ بە ژانری شیعر دەكەن واتێدەگەن ڕەگەزی سەرەكی ڕۆمان تەنها زمانە زۆرجار لە پێناو ئارایشتكردن و بەدەرخستنی هێزی زمان لە گێڕانەوەدا وشە فەلاقە دەكەن واهەستدەكەن داهێنانێكی مەزنیان لە زماندا كردووە و دەقەكانیان بە زمانێكی شیعری دەنووسنەوە خۆ ئەگەر زمانی ڕۆمان هاوشێوەی زمانی شیعر بێت ئەوا دەكرێت بڵێین هەموو شاعیرێك دەتوانێت ڕۆمانێكی بەهێزو بە پێز بنوسێت هەربۆیە كاتێك ڕۆمانەكانیان دەخوێنینەوە ئەوەندەی ئاگا یمان لەنێو ئارایشتی زماندا چڕ دەبێتەوە ئەوەندە هۆش و هەستەكا نمان مامەڵە لەگەڵ كارەكتەر و ڕووداوەكان خەیاڵی دەق ناكات.

ئەم تێكەڵكردنەی زمانی ڕۆمان لەگەڵ زمانی شیعردا بۆتە گرفتێكی گەورە لە بەردەم بالایی و هێزی ڕۆمان لە گێڕانەوەیدا ئێمە كاتێك بەراوردی زمانی ڕۆمان بە شیعر دەكەین یان لێكیان جودا دەكەینەوە پێویستە بەتەواوی لە ژانری شیعر و ڕۆمان تێبگەین و بە پێی خەسڵەتەكانیان لێكیان جودا بكەینەوە و بە پێی پێویستی ژانرە ئەدەبیەكان

مامەڵە لەتەك زمانەکەیاندا بکەین.

کاتێك باس لە شیعر دەکەین ئەوا پێویستە لەوە بگەین کە یەکێك لەخەسڵەتە سەرەکییەکانی شیعر زمانە و زمان لە شیعردا باڵادەستی هەیە زمانی شیعری زمانێکی فرە ڕەهەندە وەك لۆرانس پیر لەکتێبی "شیعر چییە" دەڵێت: ( جیاوازی لەنێوان زمانی ئاسایی و زمانی شیعر لەوەدایە، کە زمانی ئاسایی تاك ڕەهەندە: زمانێك کە تەنها بۆ گواستنەوەی زانیاری بەکار دەهێنرێت کە ڕەهەندێکی عەقڵانی هەیە، بەڵام زمانی شیعر چوار ڕەهەندی هەیە کە ئەوانیش (ڕەهەندی هەست، ڕەهەندی نەست، ڕەهەندی خەیاڵی، ڕەهەندی عەقڵانیش) ئەم بۆچوونەی لۆرانس دەمخاتە بەردەم ئەو تێڕوانینەی کە کاتێك هەموو ئەم ڕەهەندانە لە وێنەیەکی شیعریدا خۆیان نمایش دەکەن لەڕێگەیەوە خەیاڵێکی ئازاد بەرهەم دێنن کە خوێنەر یان وەرگر ڕاستەوخۆ لەبەردەم تێڕامانێکی قوڵدا ڕۆدەچێتە نێو ڕاڤەکاری دەقەوە لە پێناو بەدەستخستنی مانا جیاوازەکانی دەق بەمەش خەیاڵ و هەستی خوێنەر لە نێو بوونایەتی خۆیەوە دەئافرێت و بوونی خۆی لەنێو دەقدا بەرجەستە دەکات (چونکە زمانی شاعیر ئیتر ئامراز نییە بەڵکو ئامانجە، وشەکانیش چیتر دەلالەتی دەلالەتکراوێکی "ئاماژەپێکراوێکی" دیاریکراو نین، بەڵکو وشەکان بوونەتە خاوەن قەوارەیەکی تایبەت بۆ خولقاندنی ئەو شتەی لە دەلالەتلێکراوی زمانی تێدەپەڕێ) (سارتەر، 2020،ل 82)، چونکە هەر وشەیەك بۆخۆی وێنەگەلێکی فرەڕەهەندی لەخۆیدا چەپاندووە و بە پێی چۆنیەتی بەکارهێنانی دەلالەتلێکراوی خود لە دەقی شیعریدا وێنا دەکات.

بوونی ئەم خەسڵەتەی زمانی شیعری هۆکارێکە بۆ دروستبوونی خەیاڵێکی ئازاد و قوڵ لەمەڕ تێڕامانی خودەوە بۆ دەق، بوونی ئەم هەستە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ بۆچوونەکەی هایدگەر لەمەڕ زمانی شیعرەوە کەدەڵێت : (ئەو زمانەی ڕاستی بوون دەردەخات و دەبێت بەماڵی بوون، زمانی بوونی ڕەسەن و داهێنەرانەیە کە هایدگەر بە زمانی " شیعر" ناوزەندی دەکات) (کمال، فەلسەفەی هونەر، 2017،ل 179)، چونکە زمانی شیعر پەیوەندییەکی ڕاستەو خۆی بەبیر کردنەوەوە هەیە وە " بیرکردنەوە" ش لەم ڕاڤە کردنەدا بە پێشمەرجێکی ئۆنتۆلۆجی وەکو زمان، بۆ بوونی مرۆڤ دادەنرێت. کە مرۆڤ لە ڕێگەیەوە دەگاتە قوڵێ بیرکردنەوە تێگەیشتن لە بوونی خۆی لە نێو زماندا.

کاتێك باس لە زمانی شیعر دەکەین مەبەستمان خەسڵەت و پێشەنگی زمانە وەك پێویستییەکی بابەتی شیعر، چونکە (شیعر بەندە بە ژیانە ساکار و سۆزناکەکەی مرۆڤەوە لەخۆشی و ناخۆشیدا، زمانی سۆزە، بەڵام پەخشان پەیوەندی مرۆڤ بە پێشکەوتنە شارستانیەتەکەیەوە دەردەخات) (محمد، 1990،ل 2)، بوونی ئەم جیاوازییەی نێوان شیعرو ڕۆمان لەڕووی ئۆنتۆلۆجییەوە ڕاڤەی جودا لە بونیادی زماندا دەخولقێنێت ئەویش جیاوازی بەکارهێنانی زمانە لە هەردوو ژانرەکەدا لەگەڵ ئەو جیاوازییەشدا گومان لەوەدا نییە کە لە هەموو کارێکی ئەدەبیدا لایەنە ئیستاتیکیەکەیەتی بۆئەوەی چێژ بەخوێنەر ببەخشێت بۆ دروستکردنی ئەو چێژە لە هەموو ژانرەئەدەبییەکاندا تەنها

**توخمی زمانە کە دەتوانێت لە ڕێگەیەوە ئەو پەیوەندییە فرەڕەهەندە دروست بکات کە لە نێوان دەق و خوێنەردا دروست دەبێت و دەتوانێت لە ڕێگەیەوە مامەڵەیەکی تایبەت و بەچێژ لەگەڵ خوێنەردا ئەنجام بدات بۆ گەیاندنی خەیاڵی نووسەر و ئاوێتەبوونی هەموو هەستەکانی خوێنەر لەخۆیدا.**

**لێرەدا کەباس لە ئاوێتەبوونی هەستەکانی خوێنەر دەکەین مەبەستمان لە توانەوەی هەموو هەست و نەستی خوێنەرە لەناو بونیادی دەقدا بەو مانایەی کە زمان دەتوانێت بە پێی پێویستی ژانرە ئەدەبیەکان کاریگەری و چێژی دەق لای خوێنەر دروست بکات، هەربۆیە ( جیاوازی شێوازی مامەڵە کردن لەگەڵ زماندا وای کردووە ڕەگەزە ئەدەبییە جیاوازەکان دروستبن و بوونەتە هۆی ئەوەی زمانی هەر ڕەگەزێکی ئەدەبی تا ڕادەیەکی بەرچاو لەئەوی دیکەیان نەچێت، بەڵام جیاوازییەکانیان زیاتر دەبێت ئەگەر هەریەکەیان سەر بە لایەنێکی زمانەوە بن، وەك دەزانین لەناو زمانی ئەدەبدا "شیعر و پەخشان" هەیە و زمانی ئەو دوو شێوەیەی ئەدەبیش لەیەکەوە جیاوازە. شیعر کار لەسەر شوێنێکی زمان دەکات و پەخشانیش لە شوێنێکی دیکە ) ( شێخ، ل 84 )، بوونی ئەم جیاوازییە دەکەوێتە سەر کەسێتی شاعیر یان نووسەری بەئەزموون کە چۆن بە پێی ژانرە ئەدەبییەکان مامەڵە لەتەك زماندا دەکات.**

**هەربۆیە تێکەڵبوونی شێوازی زمان لە هەردوو ژانرە کەدا تێکەڵ بوونی خەسڵەتەکانی ئەو دوو ژانرەیە بەمەش ئاستی دەق لە هەردوو لایەنەکەیەوە لاواز دەکات ئەو کات دەبێت لە خۆمان بپرسین ئایا ئەوەی دەیخوێنینەوە دەقێکی شیعرییە یان ڕۆمان؟**

**ئەو زمانەی لە ڕۆماندا بەکار دەهێنرێت جیاوازە لە زمانی شیعری و ڕاستەوخۆی خۆی نمایش ناکات ئێمە کاتێك شیعر دەخوێنینەوە ڕاستەوخۆ مامەڵە لەتەك زماندا دەکەین چونکە هەموو وێنایەکی شیعری بۆ دەربڕین پێویستی بە زمانێکی چڕو فرە ڕەهەندە کە بتوانێت تابلۆیەکی فرەمانا بە وشە وێنا بکات، چونکە ( ڕستە بۆ شاعیر خاوەنی ئاواز و چێژە، لە ڕێگەی ئەوەوە گەلێك تامی بەهێزو جۆراو جۆر، پێکناکۆك دەچێژێ، کە ڕەتکردنەوە و دەگمەنی و جیاکارییان تێدایە. گەلێك مانای ڕەها لەم پەیوەندییانە دادەبڕێت و دەیانکات بە خەسڵەتی ڕاستەقینەی ڕستە، بۆنموونە ڕەنگێکی بەرهەڵستکاری بەبەر ڕستەدا دەکات، بێ ئەوەی سەرنج بداتە دیاریکردنی شتە بەرهەڵستکراوەکە. بەمەش وەك باسمانکرد پابەندی لە بەرامبەر یەکتریدا لەنێوان وشەی شاعیرانە و ماناکەیدا دەبینین. تێکڕای وشە هەڵبژێردراوەکان ئەرکی خۆیان لە هەمبەر بەرجەستەکردنی وێنەی پرسیار و هەڵاوێردە، بەجێدەهێنن، پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە، کلێشەی پرسیار وێنەیەکە بۆ ئەو گوزارشتەی بەخودی پرسیارەکە دیاری دەکرێ ) ( سارتەر، 2020، ل 79 )، وەك ئەوەی کاتێك دەقێکی شیعری دەخوێنینەوە هەستدەکەین لەبەردەم تابلۆیەکدا وەستاوین و هەموو بیرو هەستەکانمان لەخۆیدا کۆدەکاتەوە لەو تێڕامانەماندا دەمانخاتە بەردەم پرسیار گەلێکی نامۆ کە ناچار دەبین**

لەبەردەمیدا وەلاَمێکی نویَ لە خۆماندا بدۆزینەوە یان بگەڕێینەوە بۆ هەموو ئەو شتانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا فەرامۆشمان کردوون . چونکە ( شیعر بە بەبەرهەم و داهێنانێکی خودی دادەنرێت و تەواوی ئەو هەست و سۆزەی لە شیعردا دەبینرێت، هەست و سۆز و خەیاڵێکی خودییە، بەو واتایەی لە شیعردا هەست بەتاکە دەنگێك دەکەین ئەویش دەنگی شاعیرە ) ( شیخ،ل 87 )، بە پێچەوانەی ڕۆمانەوە کە فرەدەنگیە و کارەکتەرەکان لە گۆشەنیگای جیاوازەوە گوزارشت لەهەستەکانیان دەکەن و ڕووداوەکان دەگێڕنەوە .

---

1. بنیاتی گیرانەوە، سەنگەر قادر شێخ ،ل 83
2. بنیاتی گیرانەوە، سەنگەر قادر شێخ ،ل 83
3. ئەدەب چییە، ژان پۆڵ سارتەر ،ل 82
4. فەلسەفەی هونەر،د. محمد کمال، ل 179
5. ابراهیم قادر محمد، ڕۆمانی کوردی لە عێراقدا، ل 2
6. بنیاتی گیرانەوە، سەنگەر قادر شێخ، ل84
7. ئەدەب چییە، ژان پۆڵ سارتەر، ل 79
8. بنیاتی گیرانەوە، سەنگەر قادر شێخ، ل87

## خەسڵەتەکانی زمانی گێڕانەوە لە ڕۆماندا

لەسەرەتادا بەکورتی باسی زمانی شیعرمان کرد وەك بەراوردکاری و تێگەیشتن لە جیاوازی نێوان زمانی شیعر و زمانی گێڕانەوە لە ڕۆماندا ئەگەرچی هەندێك بۆچوون پێیان وایە کە زمانی گێڕانەوە پێویستە هاوشێوەی زمانی شیعری بێت لەوانەیە لەلایەنێکەوە ئەم بۆچوونە تاڕادەیەك گونجاو بێت وەك ئەوەی لە شیعردا ڕیتمێك هەیە کە بە ڕیتمی شیعری ناسراوە و هەڵگری ئاوازێکە لە ڕستەدا بەڵام لە زمانی ڕۆماندا ڕیتم بە مانای تەواوی ئەو ڕیتمە شیعرییە نایەت کە زمان تێیدا تەواو چڕبێتەوە، بەڵکو لە زمانی ڕۆماندا ڕیتمی نوسین هەیە کە بە شێوەیەکی هارمۆنی درێژە بە گێڕانەوەی ڕووداوەکان ئەدات، کاتێك باس لە ڕیتمی نوسین دەکەین زیاتر مەبەستمان لەو شێوازەیە کە لە ڕێگەی زمانەوە ڕووداوە دراماتیکییەکان ڕێچکەی خۆیان دەگرن و هەست و نەستی خوێنەر لەخۆیدا کۆدەکاتەوە، چونکە ڕیتمی شیعری زیاتر ئارایشتکردنێکی زمانەوانییە کە مەبەستی چڕبوونەوەی زمانە و زمان توخمێکی باڵاو سەرەکی شیعرە و

**ئێمە لە پێش خەیاڵ و وێنای شیعرەوە سەرەتا مامەڵە لەتەك زماندا دەكەین بە پێچەوانەی ڕۆمانەوە كە كارەكتەر و ڕووداو و خەیاڵ و تەكنیكە، كە پێشەنگی ژانری ڕۆمانن.**

**کاتێك ئێمە ئەوە دەڵێین مەبەستمان لەوە نییە لە ڕۆماندا زمان تەواو فەرامۆش بكەین و بایەخی پێنەدەین، بە پێچەوانەوە زمان خوڵقێنەری هەموو كارێكی ئەدەبیە، بەڵام خەسڵەتی كارەئەدەبییەكان وا پێویست دەكات بە تێگەیشتنمان لێیانەوە ئەو جیاكارییە بخینە ڕوو.**

**ئێمە لە ڕۆماندا سەرەتا مامەڵە لەگەڵ كاراكتەر دەكەین و تەنها كارەكتەرە، كە هەموو ڕووداوەكان و خەیاڵ دەخولقێنن پێچەوانەی شیعر، كە تەنها بابەتێكی خودی و سۆزدارییەو تەنها دەنگی شاعیر دەبیسرێت و وێنای ناوەوەی خۆی دەكات و بەشێوەی تابلۆی شیعری گوزارشت لە هەستەكانی خۆی دەكات.**

**هەر بۆیە ڕۆمان جیاواز لە شیعر ژانرێكی ئاڵۆز و فرە ڕەهەندە، ناكرێت ئێمە یاسا بۆ ڕۆمان دیاری بكەین بە تایبەت لەبارەی زمانەوە مەبەستمان نییە كە زمانی گێڕانەوە لە قاڵب بدەین و لە چوارچێوەی یاسایەكدا بیبەستینەوەو سنورداری بكەین، بەڵكو یاساكان لە ڕۆمانەوە دێنەدەرەوە و دروست دەبن، هەربۆیە بەهۆی فراوانی ئەم ژانرە ئەدەبیە باڵایەوە هەرنووسەرە و لە دیدی خۆیەوە ئازادانە ڕۆمان دەنوسێت و خەیاڵی داهێنەرانەی لای ڕەخنەگران بۆخۆی دەبێتە یاسایەكی نوێ لەهەموو لایەنەكانی ڕۆمانەوە وەك تەكنیكە جیاوازەكانی گێڕانەوە.**

**لێرەدا دەمانەوێت قسە لەبارەی زمانی ڕۆمانەوە بكەین هەربۆیە مەبەستمانە ئاماژە بەو خەسڵەتانە بكەین كە پێویستە وەك جیاكاری و پێویستی زمانی ڕۆمان بوونی هەبێت لە پێناو بەدەرخستنی لایەنی ئۆنتۆلۆجی زمان لە گێڕانەوەدا .**

**سەرەتا دەمانەوێت لەو پرسیارەوە دەستپێبكەین كە دەبێت زمانی گێڕانەوە چۆن بێت؟ ئایا هاوشێوەی زمانی شیعری بێت یان خەسڵەتگەلێكی جیاوازی هەیە؟** "عبدالملك مرتاض" **دەڵێت: (زمانی پەخشان ئامێزی ڕۆمان پێویستە زمانی باوی ناو خەڵك بێت، ئەو زمان گەیاندنە كە ئەگەر زمانی تەواوی هەموو خەڵكیش نەبێت، لایەنی كەم دەبێت زمانی چینی ڕۆشنبیر بێت) (مرتاج، 1986،ل 126). پێویستە ئێمە لەوە تێبگەین كە ڕۆمان نزیكترین ژانری ئەدەبییە لە واقیعی كۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەوە بۆیە لە زمانی گێڕانەوەدا زیاتر هەموو ئەو پێوەرانە بەكار دەهێنرێت كەلە ژیانی ڕۆژانەماندا بوونی هەیە هەربۆیە باشترین شێواز لە زماندا بۆئەوەی ئەو ناوەندە دروستە بێت بۆ گەیاندن هاوشێوەی زمانی ئاسایی خەڵكە كە بەشێوازێكی جوان گوزارشتی لێوە بكرێت بە مەبەستی تێگەیشتنی هەموو چین توێژە جیاوازەكانی كۆمەڵگە.**

بەلاَم ئەم بۆچوونە ئەوە ناگەیەنێت کە زمانی گێڕانەوە ئەوەندە سادە و ساکاربێت و هاوشێوەی تەواوی زمانی ئاسایی بێت بەڵکو لە زمانی ڕۆماندا پێویستە ڕەهەندی جیاواز هەبێت لە پێناو تێگەیشتن و بەرجەستەکردنی بوون لەنێو دەقدا. هەربۆیە مەرج نییە زمانی چینی ڕۆشنبیر تەواو جیاواز بێت لە زمانی کەسانی ئاسایی بەڵکو ئەوانیش بەشێکن لەخەڵك و هەڵگری هەمان خەسڵەتی ئەو زمانەن کە خەڵکی ئاسایی پێی ئەدوێن.

هەر لەبارەی زمانی ڕۆمانەوە " ئیان وایت" دەڵێت : ( ڕۆمان زیاتر لەهەر ڕەگەزێکی ئەدەبی دیکە دووپاتی دەکاتەوە کە ئەرکی زمان دەلالەتکردنە لە شتەکان و زیاتر پشت دەبەستیٚ بەخستنە ڕوویەکی درێژ لەوەی پشت ببەستیٚ بە جوانکاری و کورتکردنەوە ) ( واگ، 1980،ل 33 )، ئەم بۆچوونە هەمان ئەو شێوازەیە کە لە زمانی ڕۆژانەدا بوونی هەیە و هەموو وشەیەك لە پشتییەوە شتگەلێك بوونی هەیە و لەبری هەر دالێك مەدلولێك هەیە. هەموو بەکارهێنانی ئەم شێوازە بۆ خستنە ڕوو و گەیاندنی شتەکانە لە پەیوەندییە کۆمەلاَیەتییەکاندا هەربۆیە کاتێك باس لە زمانی ڕۆمان دەکەین مەبەستمان ئەوەیە کە زیاتر هاوشێوەی زمانی خەڵکی بێت، چونکە ڕۆمان پانتاییەکی بەرفراوانی هەیە لە ڕووی تانوپۆی ڕووداوەکان و نوسەر بۆ گەیاندنی هەموو ئەو بابەتانە پێویستی بە زمانێك هەیە کەبتوانێت لە ڕێگەیەوە گوزارشت لە هەموویان بکات و هەموو ئاستەکانی خوێنەر بە گێڕانەوەکەی ئاشنا بکات، چونکە ڕۆمان گێڕانەوەی ڕووداو و وێناکردنی کارەکتەرەکان و بەرجەستەکردنی خەیاڵە هەربۆیە ( ئەو زمانە کارایە کە بە هیچ شێوەیەك لە شێوەکانی جوانکاری نەڕازێنرابێتەوە، ئەو جۆرە زمانە بەتاییەتی کێشکردنێکی تاییەت بۆ ڕۆمان دەخولقێنیٚ ) ( ف.ف.کوزینوف، 1986،ل 91 )، بۆئەوەی ئەم گەیاندنە ئاستێکی شیاوی هەبێت و بتوانێت وێنە دراماتیکییەکانی هاوشێوەی واقعی کۆمەلاَیەتی وەك خۆیان بگەن پێویستی بەو زمانەیە کە سادە و ڕەوان بێت. کاتێك باس لە زمانی سادە دەکەین مەبەستمان نییە زمانی گێڕانەوە تەواو هاوشێوەی زمانی ئاسایی تەواوی خەڵکی بێت بەلاَم لەگەلٚ ئەوەشدا زۆرێك نوسەر هەن کە بەزمانێکی تەواو ئاسایی خەڵکی دەنوسن و بەرهەمەکانیشیان خوێنەرێکی زۆری هەیە، لەبەر ئەوەی خوێنەری گشتی زیاتر کە ڕۆمان دەخوێنێتەوە دەیەوێت چێژ لە کارەکتەر و ڕووداو و خەیالٚ وەرگرێت نەوەك چێژی زمان چونکە زمان بۆخۆی لەگێڕانەوەدا تەنها چێژ نییە بەڵکو چێژی دەق دەبەخشێت بەهۆی بوونی تووخمە سەرەکییەکانی کارەکتەر و ڕووداو و خەیاڵەوە، فراوانی و قوڵی تووخمە سەرەکییەکانی ڕۆمان کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر فراوانی و چێژی زمان دروست دەکات.

ئەگەر زمان لە ڕۆماندا ئارایشتکراو بێت ئەوا خوێنەر ناتوانێت ئەو پەیوەندییە لۆژیکیانە لەنێوان کارەکتەر و ڕووداوەکاندا دروست بکات. بەمەش خوێنەر ئەوەندەی بە زمانەوە سەرقالٚ دەبێت وەك پێویست ناتوانێت ڕۆبچێتە ناو ڕووداوەکانی ڕۆمانەوە چونکە بەکارهێنانی هونەری جوانکاری ڕەوانبێژی کارێکی ئەستەمە بەو هۆیەی کە هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە قسەکردنی ڕۆژانەماندا بوونی هەیە کاتێك زمانی ڕۆمان بەو هونەرە زیاتر ئارایشت دەکرێت ئەوا زمانی

**ڕۆمان دەبێت بە شیعرو لە خەسڵەتە سەرەکییەکەی خۆی لائەدات هەر بۆیە پێویستە هەست بەو جیاکارییەی زمان بکەین لەنێوان شیعر و ڕۆماندا.**

**ئەوەی پێویستە لە زمانی ڕۆماندا (بریتییە لە ڕێکخستنی وشەکان، ناشتوانین بەدەر لە پێوەری جوانی بەهیچ پێوەرێکی تر حکوم لەسەر ئەو ڕێکخستنە بدەین) (ویست، 1986،ل 65)، کە مەبەست لەڕێکستنی وشەکان لەڕیتمی گێڕانەوەدا کە بەهۆیەوە چێژێکی جیاواز لە گێڕانەوەدا بەرجەستە دەکات و لایەنێکی دراماتیکی بە گێڕانەوە دەبەخشێت.**

---

1. الرواية جنسا ادبيا، عبد الملك مرتاض،ص126
2. ظهور الرواية الانكليزية،ايان وات، ص33
3. ف.ف.كوزينوف، الرواية ملحمة العصرالحديث، ص91
4. بول ويست، الرواية لاحديثة الانكليزية و الفرنسية-جزءالاول ص65 ل93

**زمانی جادوویی**

**زمانی جادوویی ئەو زمانە سادەیە نییە لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەکاری دەهێنین، بەڵکو لەڕووکەشدا سادە و ئاسان بەدەردەکەوێت و لە ناوەڕۆکدا بارگاوییە بە ڕەهەندە هەستەکییەکانی مرۆڤ بەبێ ئەوەی ئارایشت کرابێت جادووی خۆی لەخوێنەر دەکات جیاواز لە زمانی شیعری کەدەما نخاتە بەردەم تێڕامانێکی قووڵ لە ڕێگەی تابلۆ فرەڕەهەندەکانی خۆیەوە، بەڵکو بۆخۆی هۆکارێکە بۆناو جیهانێکی ئەفسوناوی ڕووداوەکانی دەق و لە ڕێگەیەوە بوونی ڕاستەقینەی خۆمانی تیا ئەدۆزینەوە و هەست بەبوونی خۆمان دەکەین لەناو دەقدا.**

**ئەگەر لە شیعردا بیرکردنەوە و تێڕامان خەسڵەتی زمانی شیعر بێت ئەوا لە ڕۆماندا ئاوێتە بوون و هەستکردن بە بوونمان لەناو دەقدا خەسڵەتی زمانی جادووییە کە تێیدا زمان لە پێناو بەرجەستەکردنی توخمەکانی کارەکتەر و ڕووداو و خەیاڵە و ناڕاستەوخۆ دەما نخاتە نێو ئەو هەستە ئۆنتۆلۆجییەوە کە بوونایەتی خۆمانی تیا دەدۆزینەوە و بە هەموو ڕەهەندە جیاوازەکانی شتە نەزانراوەکا نمان ئاشنا دەکات.**

**کاتێك لە ڕێگەی زمانی جادووییەوە ڕۆمانێك دەخوێنینەوە هەرگیز هەست بە بوونی زمان ناکەین مەبەستمان لە هەستنەکردن بە زمان لەوەدا نییە کە زمان بوون و ئامادەباشی نەبێت بەڵکو مەبەستمان ئەو زمانە جادووییە کە وەك ئاو بەهێمنی بەناو ناخ و هەست و جەستەی خوێنەردا ڕۆدەچێت بەبێ ئەوەی خوێنەر هەست بە بوونی بکات بەڵکو تەنها هەست بە تەلیسمەکەی دەکات کە بە هۆیەوە بوونی خۆی لەنێو تانوپۆی دەقەکەدا ئەدۆزێتەوە چونکە زمانی جادوویی بە پێی بونیادی دەق کاردەکات و کاریگەری خۆی لەسەر هەموو بەشە هەستەکییەکا نمان**

**بەجێدەهێڵێت وەك ئەوەی كاتێك بەسەرهاتی كارەكتەرێك دەخوێنینەوە ڕاستەوخۆ دەما نخاتە نێو هەموو ئەو ڕەهەندانەی كە نووسەر لە ڕێگەی ئەو زمانەوە پێی ئاشنامان دەكات و لە خۆماندا هەست بەشادی و هەڵچوون و دڵەڕاوكێ و نیگەرانییەكانی دەكەین و خۆمان لەنێو بوونیادی كارەكتەرەكەدا دەبینینەوە، لەهەمان كاتدا مەبەستمان لەم هەستكردنە لایەنە فینۆمینۆلۆجییاییەكە نییە وەك وەسفكردن كە تەنها بوونایەتی ئێمە لە هەستكردن بە شتەكانەوە بێت و وەك ڕۆشناییەك بە هۆشەكیماندا تێپەڕێت بەڵكو خود بینینەوەیە لەنێو هەموو ئازارو بیركردنەوە و تێڕامانانەكانی نوسەر لەنێو دەقداو تێگەیشتنمانە لە هەموو شتە نەزانراوەكانی خەیاڵی نووسەرە لەمەڕ هەموو هەڵوێستە جیاوازەكان هەروەها خەیاڵ لە ڕۆماندا سەرچاوەی تێڕامان و قووڵ بوونەوەیە لەبوون كە زمانی جادوویی بەرجەستەی دەكات.**

**كاتێك زمان وەك جادوو خۆی وێنا دەكات لە گوزارشت كردن لە گێڕانەوەدا خوێنەر دەخاتە دۆخێكی دەروونی لەبارەوە كە تەواو بەو كردە خەواندنە مووگناتیسییە دەچێت كە خەوێنەرێك لەڕێگەی گفتخوازییەوە ( تلقین،** ایحاء ) **خەولێخراوێك دەخاتە نێو خەیاڵێكی نامۆوە خەیاڵێك كە بەتەواوی پێی نامۆیە بەڵام لەڕووی هەستەكییەوە بوونی ڕاستەقینەی خۆی تیا دەبینێتەوە و هەموو كات و شوێنی ڕاستەقینە لەئاگایدا وون دەبێت و بەڕاستی لەنێو ئەو كاتە و شوێنەدا دەژی، كە خەولێخەر دروستی دەكات. دەكرێت بڵێین كاری نووسەری بەئەزموون ئەوەیە لە ڕێگەی ئەو زمانەوە تەواو جادوو لە خوێنەرەكەی بكات و هەموو كاتە ڕاستەقینەكانی تێپەڕێنێت و لەناو خەیاڵ و ڕووداوەكان و كات و شوێنی دەقدا ئاوێتەی بكات.**

**هەڵبەت زۆر كەمن ئەو نووسەرانەی كە بە زمانێكی جادوویی دەنووسن و لە ڕێگەی زمانەوە چێژێكی ئەفسوناوی بە خوێنەرەكانیان دەبەخشن لێرەدا كە باسی چێژی زمان دەكەین مەبەستمان لەوە نییە خوێنەر بە ئارایشتكردنی زمانەوە سەرقاڵ بكەین و چێژ لە وشە و داڕشتنی شێوەی شیعری و ڕیتمی شیعری وەربگرێت، بەڵكو مەبەستمان لە جادوو كردنی خوێنەرە لە ڕێگەی گێڕانەوەیەكی ئەفسوناوییەوە كە زمانی جادوویی ئەفرێنەرێتی هەربۆیە زمان پێویستە وەك پێناسەكەی خۆی بەكاربهێنین، ئەویش گەیاندنی خەیاڵ و هەستەكان و ڕەفتاری كارەكتەرەكانە لە ڕووداوەكاندا، چونكە زمان ئەوەندەی نمایشی گێڕانەوە دەكات ئەوەندە خۆی نمایش ناكات، لەم ڕوانگەیەوە پێویستە ئێمە زمان ئازاد بكەین لە هەموو ئەو كۆت و بەندانەی ڕێگرن لەبەردەم گەیاندن و دروستكردنی لایەنە دراماتیكی و هەستەكییەكاندا چونكە چێژ و جوانی زمانی گێڕانەوە لە تێگەیشتن و كاریگەرییە ئەفسوناوییەكەیدایە نەوەك ئارایشتكردن و جوانی خۆی.**

دەكرێت زمانی سادەی گێڕانەوە هەموو ئەو هەستانەی لە ژیانی ڕۆژانەماندا ئەزموونمان كردووە لە ئاگایماندا بەرجەستەی بكات لەبەر ئەوەی پێشتر بوونێكی ڕاستەقینەی هەیە وەك گێڕانەوەی هەموو ئەو چیرۆكانەی تەواو نزیكن لە ڕاستی ژیانمانەوە ئەمەش ئەو هەستە فینۆمینۆلۆجییاییە كە ڕۆژانە هەست بە بوونی شتەكان دەكەین بەلاّم زمانی جادوویی دەتوانێت خەیاڵێكی نامۆ و نەزانراو وەك شتێكی ڕاستی لە هەستەكانماندا دروست بكات و لێی ڕا بمێنین و تێی بگەین ئەمەش ئەو دۆخە ئونتۆلۆجییەیە كە زمانی جادوویی پەیڕەوەی دەكات و بەچێژی دەقمان ئاشنا دەكات.

هەڵبەت چێژ لە زماندا پەیوەستە بەخەیاڵی نووسەرەوە، كە چۆن دەتوانێت خوێنەر لەگەڵ دەقدا ئاوێتەبكات بە مەبەستی گەیشتنی بە ناوەڕۆك و پرسیاری دەق. كە باسی ڕۆمان دەكەین مەبەستمان لە گێڕانەوەی چیرۆكە ڕاستەقینەكانی ژیانی ڕۆژانە نییە بەتەنها بەڵكو ڕۆمان بۆخۆی تێكەڵەیەكە لە خەیاڵ و ڕاستی كە نوسەر لە ڕێگەیەوە گەمەیەكی بەچێژ لەگەڵ خوێنەرەكەیدا دەئافرێنێت بەمەبەستی دروستكردنی پرسیار و گومان لەمەڕ ڕووداوەكان و پەلكێش كردنی خوێنەر لە ڕێگەی زمانەوە بۆناو ڕووداوەكانی دەق و هەستكردن بەبوونی خوێنەر لەناو دەقدا.

هەڵبەت بوونی ئێمە لە ڕۆماندا لەنێو بوونایەتی بیرو هەست و خەیاڵی كارەكتەرەكاندایە كە زمانی جادوویی دەتوانێت بەو هەستانەمان ئاشنا بكات كاتێك باسی كارەكتەر دەكەین مەبەستمان لەخەسڵەتێكی سەرەكی ژانری ڕۆمانە، كە دەقی لەسەر بوونیاد دەنرێت. سەرچاوەی زمانی جادوویی پەیوەستە بەو خەیاڵەی كە نووسەر لە بوونیادی كارەكتەرەكانەوە دەیئافرێنێت، كارەكتەر لە ڕۆماندا كۆڵەكەی سەرەكی ئەم ژانرەیە كە هۆكار و دروستكەری هەموو ڕووداو و خەیاڵ و بنەماكانی تری دەقە، كە لە ڕێگەی زمانەوە دەتوانێت بە هەموو ڕەهەندە سەرەكییەكانی كارەكتەر ئاشنامان بكات وەك ڕەهەندە ڕوخسارو ڕەفتارو ناوەكییەكانیان.

كاتێك لە ڕێگەی زمانەوە بە كارەكتەرەكان ئاشنا دەبین پێویستە تەواو وەك دۆخی خەواندنی مووگناتیسییەكە تەواو هەست بەبوونیان بكەین بیانناسین و لەگەڵیان بدوێن یان خۆمان لەنێو بونیادیان ببینینەوە و واهەست بكەین ئەوە خۆمانین هەست بەئازارو ناخۆشی و شادی و هەڵكشانی دەروونی و ئارامیان دەكەین ئەم بۆچوونە تەواو بۆ وێناكردنی خەیاڵیش دروستە كە چۆن نوسەر دەتوانێت لە ڕێگەی زمانی جادووییەوە تەواو وێنای خەیاڵ بكات ئەو خەیاڵە داهێنەرانەی كە هەرگیز لە پێشدا پێی ئاشنا نەبووین و هەستمان پێنەكردووە.

هەڵبەت خەیاڵ سەرچاوەی داهێنانی كاری ئەدەبییە لە ڕۆماندا خەیاڵ پێویستە بوونیادێكی ڕاستی بە هەستەكانی خوێنەر ببەخشێت وەك ئەوەی لە ڕاستیدا بوونی هەیە. مرۆڤ هەمیشە لەسەر زانیارییەكانی نەستی خۆی مامەڵە

لەگەڵ شتەکاندا دەکات وەك چۆن وشەکان لەلای ناسراون و ماناکانیان لێك ئەداتەوە ئاواش لە مەڕ ڕووداوەکان و گێڕانەوەکاندا هەمان هەستی هەیە. خۆ ئەگەر گوێبیستی وشەیەکی نامۆ بێت یان پێشتر نەیبیستبێت ئەوا ناتوانێت ڕاڤەیەکی عەقڵانی بۆبکات و لە لۆژیکی هەستەکیدا جێگەی نابێتەوە، خەیاڵیش بەهەمان شێوەی ئەو وشەیە مرۆڤ لەبەردەمیدا دەوەستێت بۆ نموونە وەك ئەوەی ئێمە پێشتر تامی میوەیەکی لیمۆمان کردووە و دەزانین کە لیمۆ ڕەنگی سەوز و زەرد و تامێکی ترشی هەیە بەلام کاتێك نووسەر دەیەوێت لە ڕۆماندا لیمۆیەکی جیاوازمان بۆ وێنا بکات کە ڕەنگ و تامێکی جیاوازی هەیە ئەمە بۆخۆی کارێکی ئەستەمە کە بتوانین هەروا بەئاسانی متمانە بە خوێنەر بکەین کە ئەوەی باسی دەکەین لیمۆیە بەڵکو خوێنەر پێدەچێت خەیاڵی بۆ شتێکی دیکە بچێت، بەلام نووسەر لە ڕێگەی زمانی جادووییەوە دەتوانێت کار لەسەر وشە و هەستەکانمان بکات و وێنای ئەو خەیاڵە وەك ڕاستی لە ئاگایماندا بکێشێت وەك چۆن ئێمە تامی تاڵی لەناو شتگەلێکدا هەست پێدەکەین وەك چای تاڵ و خەیار و شتی تر هەموو ئەم هەستانە پێشوەختە لەنەستیماندا بوونیان هەیە لەگەڵ تامی ترشی ئێمە لە نەستیماندا تامی ترشیمان بەشتگەلێکەوە ناساندووە وەك لیمۆ و شتی تر هەرکاتێکیش باسی لیمۆ دەکەن دەممان ئاو دەکات کەواتە پێشوەختە هەموو ئەم شتانە بوونێکی ڕاستەقینەیان لە یادەوەریماندا هەیە و هەست بەبوونی ڕاستیان دەکەین بەلام بوونی لیمۆیەکی شیرین یان تاڵ ئەستەمە وێنایەکی ڕاستی هەبێت، چونکە پێشتر لە ژیانی ڕاستیدا نەمان بینیوە و هەستمان پێنەکردووە هەربۆیە زمان لە ڕێگەی هەستەکانمانەوە دەتوانێت ئەو تێکەڵەیە لە هەستیمان دروستبکات و شێوەیەکی نوێ بە شتەنەزانراوەکان ببەخشێت و هەستێکی ڕاستیمان لا دروست بکات. ئەویش لە ڕێگەی ئەو زمانەوەیە کە دەتوانێت بەهۆی هەستەکانمانەوە وێنای ئەو کارەکتەرەمان بۆبکات کە چۆن کاتێك لیمۆ تاڵەکە دەخوات و موچوڕکێکی تاڵی بەهەستەکانیدا تێدەپەڕێت.

وێناکردنی قوڵی ئەم هەستە بۆ نووسەر پێویستە کە خەیاڵی لەسەر بونیاد بنێت، هەربۆیە زمانی جادوویی تەنها گێڕانەوەیەکی ڕووکەشییانە نییە بۆ ڕووداوەکان بەڵکو کارکردنە لەسەر هەموو ڕەهەندەکانی هەستەکی و وێنەیی ، کە لە ڕێگەیەوە وێنایەکی ڕاستی لەئاگایماندا دەخولقێنێت بەمەبەستی دروستکردنی ئەو هەستە بوونگەراییەی کە بەهۆیەوە دەمانخاتە نێو بوونیادی دەقەکەیەوە.

زمانی جادوویی ئارایشتکردنی زمان نییە لە پێناو گەیاندنی وێنایەکی ڕاستی بۆ بوونی دەق، بەڵکو بە پێچەوانەوە هۆکارێکە بۆ دوورخستنەوەی خوێنەر لەنێو ئەو جیهانە ئەفسوناوییەی کە زمانی جادوویی دروستی دەکات کاتێك خوێنەر لەنێو ئارایشتی زماندا قوڵ دەبێتەوە چەندین دەلالەتی جیاواز لە هەمبەر شتەکاندا دروست دەکات و لە ناوەڕۆکی دەق و گێڕانەوە و ڕووداوەکان دوور دەکەوێتەوە و ناتوانێت ڕۆبچێتە ناویانەوە. بۆنموونە باسی زمانی جادوویی دەکەین مەبەستمان لەشوبهاندنێتی بە کامێرایەکی سینەمایی ئەم نموونەیە زۆر دروستە کە

لە ڕێگەیەوە ڕوونتر لە زمانی جادوویی بگەین کاتێك ئێمە سەیری فلمێکی سینەمایی دەکەین هەرگیز بیرو هەستمان بۆ جوڵە و بوونی کامێرا ناچێت، بەڵکو ڕاستەوخۆ سەرنجەکانمان دەکەوێتە سەر هەموو کارەکتەر و ڕووداوەکانی نێو فلمەکە کە لە ڕێگەی کامێراکەوە وێنای کراوە و دەتوانێت هەموو خەون و خەیاڵ و هەڵسو کەوت و ڕووداوەکانمان بۆ بەرجەستەبکات ئێمە لەوکاتەدا تەنها بیرو بۆچوون و هەستەکانمان لەهەموو ئەو شتانەدا کۆدەبێتەوە بەبێ ئەوەی هەست بە بوونی کامێراکە بکەین زمانی جادوویی هەمان ئەو ئەرکەی کامێراکەمان بۆدەکات و زمان لەکاتی خوێندنەوەدا تەواو ون و نادیار دەبێت و ناڕاستەوخۆی کاری جادوویی خۆی لە هەست و خەیاڵ و بیرکردنەوەکانمان دەکات.

ئێمە لە خوێندەنەوەی ڕۆماندا زیاتر هەست بە بوونی زمان ناکەین بەڵکو وەك فلمەکە تەنها کارەکتەر و ڕووداوەکان و دیمەنەکان دەبینین مەگەر ئەو ساتانە هەست بە بوونی کامێرا بکەین کە جوڵەیەکی نامۆ دەکات ئەو کاتە هەست بە بوونی کامێراکە دەکەین و لە خۆمان دەپرسین ئەو جوڵەیە چی بوو؟ بۆچی ڕوویدا؟ بەم شێوەیە سەرنجمان لەسەر ڕووداوەکانی فلمەکە لادەچێت، زمانیش تەواو هاوشێوەی کاری ئەو کامێرایەیە کاتێك وشەیەکی نامۆ یان داتاشراو ئارایشتکراو دەبینین و بە هەستەکیماندا تێدەپەڕێت هەموو سەرنج و بیر و خەیاڵمان لە ماناکەی کۆدەبێتەوە و لەجیهانی دەقەکە دووردەکەوینەوە.

هەربۆیە زمانی جادوویی کار لەسەر ئارایشتکردنی وشە ناکات خۆ ئێمە فەرهەنگ نانوسینەوە، هەتا وشە نمایش بکەین، بەڵکو پێویستە وشە لە شوێنی خۆیی و بە پێی پێویستی خۆی بەکار بهێنرێت، ئێمە ڕۆمان دەنوسینەوە بۆ هەموو ئاستە جیاوازەکان هەربۆیە پێویستە زمانی گێڕانەوە نزیك بێت لەو زمانەوە کە زۆرینەی خەڵکی بەکاری دەهێنن لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆماننووس پێویستە بەئاگاییەوە وشە بەکاربهێنێت و لە ڕستەدا مانای تەواوی خۆی پێبدات ئاساییە بە پێی شێوە زارەکان وشەیەك یان زیاتر بەکار بهێنرێت بە مەرجێك لە ڕیتمی گێڕانەوەدا جێگەی خۆی بکاتەوە و خوێنەر بەهەندێك وشەی ڕەسەنی ئەو زمانەی پێی دەنوسێت ئاشنا بکات. هەربۆیە بەهێزی و جوانی زمانی گێڕانەوە لە فەلاقەکردن و ئارایشکردنی وشەدا نییە بەڵکو لە ناوەڕۆك و ڕێکخستنی وشەدایە کەبتوانێت لە ڕێگەیەوە بە هەموو ڕەهەندەکانی گێڕانەوەمان ئاشنا بکات و بمانخاتە نێو جیهانە تایبەتەکەی خۆیەوە کە جیهانی زمانی جادووییە، چونکە لە ڕۆماندا جوانی دەق پەیوەست نییە بەجوانی زمانەوە بەڵکو پەیوەستە بە توخمەکانی بونیادی کارەکتەر و خەیاڵی داهێنەرانەوە ئەوەی زمان جوان دەکات قووڵبوونەوەی ئەو توخمانەیە کە نوسەر بەتەواوی لێیان تێبگات و لە ڕێگەی زمانەوە ڕەهەندەکانی بەرجەستە بکات.

لەگەڵ هەموو ئەو خەسڵەتانەی لەبارەی زمانی جادووییەوە قسەمانکرد مەرج نییە بوونی هەموو ڕەهەندە جیاوازەکانی زمان بتوانێت بەتەواوی گوزارشت لەخەیاڵ و ناخی کارەکتەر یان نووسەر بکات. بەهۆی ئەوەی ئێمە وەك مرۆڤ خاوەنی ئەزموونگەلێکی جیاوازین لە ژیاندا و لێکدانەوەمان بۆ دیاردە و ڕووداوەکان جودایە بە پێی پێکهاتەی کەسێتی و ئەزموونی ژیا نمانەوە هەربۆیە کاتێك دەمانەوێت لە ڕێگەی زمانی جادووییەوە خەیاڵێکی سە پێنراو لە دەقدا بەرجەستەبکەین ئەستەمە بتوانین هەموو بیر و تێڕوانین و ڕامانەکانی خوێنەر لەخەیاڵە سە پێنراوەکەی خۆماندا کۆ بکەینەوە چونکە خوێنەریش بە پێی ئەزموونی خۆی لەناو خەیاڵی سە پێنراودا بیرکردنەوە و تێڕامان و خەیاڵی خۆی بەرهەم دەهێنێت کە لە خەیاڵ سە پێنراوەکەی نووسەرەکەوە سەرچاوە دەگرێت، لێرەدا مەبەست لە خەیاڵی سە پێنراو پێچەوانەی خەیاڵی ئازادە لە شیعردا کە پێشتر لەبارەیەوە ئاماژەمان پێکرد، کە شیعر لە ڕێگەی زمان و ڕەهەندە جیاوازەکانی وشەوە دەما نخاتە بەردەم خەیاڵێکی ئازاد بەمەبەستی دۆزینەوەی بوونی خۆمان لە تێڕامان و تێگەیشتنمان لەدەقدا، بەلام لە ڕۆماندا نووسەر تاڕادەیەکی زۆر لە ڕێگەی خەیاڵی داهێنەرانەی خۆیەوە دەیەوێت بە شتە نەزانراوەکا نمان بناسێنێت و بما نخاتە بەردەم پرسیارە پڕگومانەکانی ژیان.

کاتێك نوسەری ڕۆمان لەدەقەکەیدا و لە ڕێگەی زمانی جادووییەوە بە بیرو هەست و خەیاڵە داهێنەرەکە یمان دەناسێنێت و دەیەوێت لە ڕێگەیەوە بوونی خۆمانی تیا بدۆزینەوە ئێمەی خوێنەر ڕاستەوخۆ لەنێو ئەو هەستە فرەڕەهەندەی زمانی جادوویی دروستی دەکات و لەخۆیدا ئاوێتەمان دەکات هەموو شتە پێشینەییەکانی نەستیمان ئاوێتەی خەیاڵی نووسەر دەکەین و دەمانەوێت بوونی خۆمان ئاوێتەی ئەو خەیاڵە سە پێنراوەی نووسەر بکەین، کەزمانی جادوویی ئەفرێنەرێتی و هۆکارە بۆ ئەوەی وەلامی پرسیارە نەزانراوەکانی خۆمانی تیا بدۆزینەوە .

کە باسی سە پاندنی خەیاڵی نووسەر دەکەین، مەبەستمان لەوە نییە چیتر خوێنەر جگە لە ناوەڕۆك مەبەستی دەق ناتوانێت بیری خۆی لەدەقەکەوە گەلاڵە بکات بەڵکو خەیاڵی سە پێنراو تەنها هۆکارێکە بۆ ئاراستەکردنی خوێنەر لەڕێگەی خەیاڵی نووسەرەوە بۆ مەبەستێکی نوێ یان ئاشناکردنی بە شتێکی نەزانراو و لەبیرکراو پاشان دووبارە فۆرمەڵە کردنەوەی لە هزری خوێنەردا بە مەبەستی هەڵوێستەوەرگرتن و تێگەیشتن لەو بیرۆکەیەی نووسەرە لەناو دەقدا کە وروژاندویەتی.

لە ڕۆماندا، خەیاڵ هاوشانی زمانی جادوویی ڕێدەکات و تەواو کەری یەکترن، خەیاڵ بەبێ زمانی جادوویی ناتوانێت لەناو دەقدا وێنای ڕاستەقینەی خۆی بکات و کاریگەری خۆی لەسەر بیرو هزری خوێنەر دروست بکات، هەروەها زمانیش بەبێ بیروخەیاڵ ناتوانێت باڵ بگرێت و فراوان بێت و بەناو هەموو هەستەکا نماندا ڕۆبچێت و

**لەخۆیدا ئاوێتەمان بکات، وەك چۆن زمان ڕاستی بوونە، ئاواش بیروخەیاڵ ڕاستی بوونی مرۆڤە، چونکە خەیاڵ سەرچاوەی بیری داهێنان و تێڕامانە هەربۆیە ئەم دوو ڕەگەزە لە ڕۆماندا پێشمەرجی بوونی دەقەکە نووسەر لەڕێگەیەوە بوونی خۆی تیا بەرجەستەدەکات و خوێنەر ئاوێتەی خۆی دەکات.**

**ئەوەی ئەرکی ڕاستەقینەی زمانی جادووییە گواستنەوەی هەموو هەست و خەیاڵی داهێنەرانەی نووسەرە بۆ خوێنەر هەربۆیە کەباسی ڕەهەند و خەسڵەتەکانی زمانی جادوویی دەکەین مەبەستمان ئەفسونی ئەو زمانەیە، کە بتوانێت لەنێوان نووسەر و وەرگردا ڕاستگۆبێت لەمەڕ گواستنەوەی هەموو ئەو شتانەی نوسەر دەیەوێت لەدەقەکەیدا بەرجەستەی بکات.**

**نووسەری بەئەزموون خۆی بەئارایشتی زمانەوە مژوڵ ناکات چونکە زمان بۆ خۆی بە هەموو ڕەهەندە هەستەکییەکانییەوە لە نەستی هەمووماندا بوونی هەیە هەربۆیە بالێگەڕێن زمان بۆخۆی ئازادبێت لەشێوازی گوزارشت کردنی هەست و خەیاڵدا خۆی وێنا بکات بەمەبەستی گەیاندنی بۆ خوێنەر چونکە زمانی جادوویی مەرج نییە پابەندی هەموو یاسا و ڕێسایەکی زمانەوانی بێت، بەڵکو کار لەسەر ئەو واتا باوانە دەکات کە ڕۆژانە لە هەموو شێوەزارە جیاوازەکاندا بەکار دەهێنرێت ئەوەی مەبەستە بۆگەیاندن پێویستە ئەوەبکرێت نەك ئارایشتی زمان بە وشەی نامۆ.**

**لەم تێڕوانینەوە پێویستە لەبارەی شێوە زارە جیاوازەکانەوە قسەبکەین، تا چەند زمانی جادوویی پابەندی دەبێت؟ کاتێك باسی ڕۆمان دەکەین مەبەستمان ئەو ژانرەیە کە پەیوەستە بە ژیانی شارستانی مرۆڤایەتییەوە هەربۆیە لە ڕۆماندا کارەکتەر هەیە و پێویستە ڕەچاوی ڕەهەندەجیاوازەکانی بکەین لە پێناو بەرجەستەکردنی بوونێکی ڕاستەقینە لای خوێنەر شێوە زارەکان لە زماندا بە پێی پێویستی بوونی بونیادی کارەکتەر دێتە ئاراوە، هەندێك واتێدەگەن پێویستە زمانی گێڕانەوەی سەرەکی یان حیکایە تخوان یەك شێوە زمان و گێڕانەوە بێت جیاواز لە گۆشەنیگا جیاوازەکانی گێڕانەوە پابەندی زمانە ئەدەبییەکەبێت مەبەستمان لە گۆشەنیگا جیاوازەکان گێڕانەوەیە لە ڕۆمانە فرەدەنگییەکان کە لە زمانی کارەکتەرە جیاوازەکانەوە ڕووداوەکان دەگێڕدرێنەوە، وەك ئەوەی چۆن کەسێکی بازاڕی زۆر ئاسایی قسەدەکات و ڕووداوێك دەگێڕێتەوە پێویستە وەك بونیادی کەسایەتی خۆی و شێوە زاری خۆی وێنای بکات ئەمە تاڕادەیەك دروستە لەڕووی بونیادی کارەکتەرەوە هەتا لەڕێگەی شێوەزارو ڕەهەندەکانی تری کەسایەتییەوە بەو کارەکتەرە ئاشنا بین، بەڵام ئەم بۆچوونە ئەوەناگەیەنێت کەئێمە بەهۆی گێڕانەوە لە گۆشەنیگا جیاوازەکانەوە دەستبەرداری خەسڵەت و ڕەهەندەکانی زمانی جادوویی ببین زمانی جادوویی**

پەیوەست نییە بە چۆنیەتی بەکارهێنانی وشە و شێوەزارەکان بەڵکو کارلەسەر ڕەهەندە جیاوازەکانی گێڕانەوە دەکات لەهەموو بونیادێکی گێڕانەوەدا.

چۆن پێویستە لە هەموو گۆشەنیگایەکەوە پارێزگاری لە ڕەهەندەکانی کارەکتەرە جیاوازەکان بکەین وەك خەسڵەتێکی سەرەکی ژانری ڕۆمان بە هەمانشێوەش پێویستە لەهەموو گۆشەنیگا جیاوازەکانەوە پارێزگاری لەخەسڵەت و ڕەهەندەکانی زمانی جادوویی بکەین وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد بوونیادی کارەکتەر پەیوەستە بەزمانی جادووییەوە و هەرگێز لەگێڕانەوەدا شێوە زارەکان و ڕەهەندە جیاوازەکانی کارەکتەر کاریگەری لەسەر زمانی جادوویی ناکەن بەڵکو لەهەموو گۆشەنیگا جیاوازەکانی گێڕانەوەدا بوونی هەیە لە پێناو گەیاندنی مانا لە دەقدا.

ڕەهەندە سایکۆلۆجییەکانی زمانی جادوویی

ئەوەی وادەکات زمانێکی ئاسایی بکاتە زمانێکی جادوویی، تەنها قوڵبوونەوە و تێڕامان نییە لە ڕووداوەکان بە هۆی گێڕانەوەوە، بەڵکو لەنێویدا ڕەهەندگەلێك هەن کە بە پێی پێویستی بونیادی دەق شێوازی خۆیان وەردەگرن و کاریگەری خۆیان لە هەستی خوێنەردا دەکەن بە ئامانجی تێڕامان و تێگەیشتن لەو خەیاڵەی نووسەر ئەفراندوویەتی، هەربۆیە بوونی ئەم ڕەهەندانە گرنگی و بایەخی زۆریان هەیە بۆ گەیشتن بەو هەستە ئۆنتۆلۆجییەی کەوا لەخوێنەر دەکات بوونی ڕاستەقینەی خۆی لەنێو دەقدا بدۆزێتەوە و هەستی پێبکات.

هەڵبەت هەموو ئەم ڕەهەندانە شتێکی نوێ نین کە لە بارەیانەوە ئەدوێین بەڵکو لە زۆرێك دەقی ڕۆماندا کەم تا زۆر پەیڕەو کراون یان نووسەر بە پێی ئاستی بیرکردنەوەی خەیاڵی داهێنەرانەی خۆی دەتوانێت شێوازێکی تری جیاواز لەم ڕەهەندا بدۆزێتەوە و لە شێوازی گێڕانەوەیدا پراکتیزەیان بکات، وەك هۆکارێك بۆ گەیاندن و ئاوێتەبوونی خوێنەر لەناو دەقەکەیدا، بەتایبەت ڕەهەندە هەستەکییەکان کە زیاتر لە ڕۆمانە سایکۆلۆجییەکاندا بوونی هەیە کارەکتەرەکان لە ڕێگەی گێڕانەوەی خودییەوە گوزارشت لە هەستەکانی خۆیان دەکەن بەرامبەر ڕووداوەکان و لە ڕێگەیەوە بوونی خۆیان بۆ خوێنەر بەرجەستە دەکەن بەتایبەت لەو ڕۆمانانەی چیرۆکە سۆزدارییەکان دەگێڕنەوە و هەست و سۆزی خۆیان لەمەڕ ڕووداوەکان دەخەنە ڕوو، لەم ڕوانگەیەوە زۆرجار لە زمانی گێڕانەوەدا شێوازی زمانی شیعری تیادا بەرجەستە دەکرێت بەتایبەت لە دیالۆگ و مەنەلۆگەکاندا کە خودی کارەکتەرەکە بەهۆی کاریگەری ڕووداوەکانەوە بەهەستێکی شاعیرانەوە ئەدوێت یان ڕەهەندەکانی وەك (گوزارشت کردنی خودی و بەراوردکاری و لێکچوون و پرسیار و گوومان و .. هتد) کە هەموو ئەم ڕەهەندانە و چەندین تر کە نووسەر بە پێی ئاستی تێگەیشتن و داهێنانی خۆی لە زماندا بەکاریان دەهێنێت بوونی ئەم ڕەهەندانە

گرنگییەکی زۆر بە زمانی گێڕانەوە ئەدەن لە قووڵ بوونەوەی خوێنەر بۆ ناو ڕووداوەکان و هەست و تێڕوانینی کارەکتەرەکان بۆ ڕووداوەکان بە مەبەستی ئاوێتەبوونی هەستی خوێنەر و دۆزینەوەی خودی خۆی لەنێو تانوپۆی ڕووداوەکاندا دواجار بەهۆیەوە خوێنەر کە لە ناو دەقدا ڕۆدەچێت و تەواو ئاوێتەی دەبێت بەمەش بوونی خوێنەر لەناو دەقدا بوونێکی ڕاستی دەبێت لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا کە خەیاڵی سە پێنراوی دەق دروستی دەکات خوێنەر دەخاتە ناو تێڕامانێکی قووڵەوە سەبارەت بە هەموو ئەو پرسیار و گومانانەی نووسەر لەناو دەقدا دروستی کردوون ئەمەش بۆخۆی ئەو هەستە ئونتۆلۆجییەیە کە بوونایەتی خۆمان لە ڕێگەیەوە لە ناو دەقدا ئەدۆزینەوە.

سەرچاوەکان:


1. پرۆژەی ( 100 ) نامیلکەی فەلسەفی ، نوام چۆمسکی ، دەزگای ئایدیا بۆ فکرو فەلسەفە، 2017 سلێمانی

2. زمان و مان ، کۆمەڵێك نووسەر، پرۆژەی بلاْوکراوەی چوارباخ، چوارچرا،2020 سلێمانی

3. فەلسەفەی هونەر، د. محمد کمال ، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ژمارە( 816 ) 2017 سلێمانی

4. نەست لە دەرونشیکاریی فرۆیدو لاکان دا، ئانتۆنی ئیستۆپ، و: وەلید عومەر ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند،2019 سلێمانی

5. فەلسەفەی بوونگەرایی، جۆن ماکواری،و: ئازاد بەرزنجی،لە زنجیرە بلاْوکراوەکانی ناوەندی غەزەلنووس،2019 ،سلێمانی

6. ئەدەب چییە، ژان پۆڵ سارتەر، و : مستەفا غەفوور،لە بلاْوکراوەکانی کەلتوور ژمارە 19،2020 سلێمانی

7. فینۆمینۆلۆجیا، د. محمد کمال، لەبلاْوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند،2013،سلێمانی

8. مۆدێرنەکان، ڕامین جەهانبەگلو،و: ئازاد بەرزنجی، لە بلاْوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند، 2009سلێمانی

9. ئیبراهیم قادر محمد،ڕۆمانی کوردی لە عیراقدا، کۆلێجی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەدین، نامەی ماستەر،1990

10. بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی ( مەم و زین )ی ئەحمەدی خانی و ڕۆمانی ( شاری مۆسیقارە سپییەکان )ی بەختیار عەلی دا.سەنگەر قادر شێخ.

1.سايكولوجيا اللغة و الاتصال، الاستاذ حسين صالح، عمان: دار غيداء للنشرو التوزيع،2016

.2انطولوجيا اللغة عند مارتن هايدجر، ابراهيم احمد، الدار العربية للعلوم ناشرون،منشورات الاختلاف، 2008

.3ف.ف.كوزينوف،الرواية ملحمة عصر الحديث، ترجمة جميل نصيف التكريتي، طبعة الثانية،دار الشؤون الثقافة العامة، افاق عربية، بغداد، 1986

.4بول ويست، الرواية الحديثة الانكليزية و الفرنسية، جزء الاول، ترجمة عبدالواحد محمد،وزارة الثقافة و الاعلام، الطبعة الثانية، دار الشؤون الثقافة العامة، العراق ، بغداد، 1986

.5ايان وات، ظهور الرواية الانكليزية، ترجمة د.يونيل يوسف عزيز، منشورات دار الجاحظ للنشر الجمهورية العراق، بغداد،1980

.6عبد المللك مرتاض، الرواية جنسا ادبيا، مجلة الافلام، العدد11-12، تشرين 2 – كانون 1986،1

**بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر**

1. **هێزە لە ڕادەبەدەرەکان بەرنامەیەك بۆ ئاشنا بوون و فێربوونی زانستی پاراسایکۆلۆجی، چوار کتێب لە بەرگێکدا** ،2020، **لێکۆڵینەوەی زانستی دەروونی و پاراسایکۆلۆجی**
   - **زنجیرەی یەکەم، چۆنیەتی بزواندنی هێزە لەڕادەبەدەرەکان** .1996
   - **زنجیرەی دووەم، خەواندنی خۆیی**.1997
   - **زنجیرەی سێهەم، خەواندنی مووگناتیسیی**.2010
   - **زنجیرەی چوارەم، شیکارو دیاردەکان لە ڕوانگەی پەیوەندییە کۆمەلأیەتییەکانەوە**.2020
2. **گەڕانەوە بۆهەسارەی زەوی، ڕۆمان چاپی یەکەم** 2016**، چاپی دووەم** 2020 .
3. **سیسەمی خوێناوی ، ڕۆمان ،** 2017 .
4. **سەمای یەسنا لە ئاگردا، ڕۆمان ،** 2018 .
5. **پیاوە قامچی بەدەستەکە، ڕۆمان،** 2020.
6. **بەفرو خوێن ، ڕۆمان ،** 2021.